# حوكمەكانی بانگ و قامەت

نووسینی

ئازاد فائق پێنجوێني

پێداچوونەوەو پێشەكی


نورالدين ملاعبداللّه وەڕازی

پێشەكی بۆ نوسینی

مەڕوان عەزیز كوردی

١٤٤٠ك ٢٠١٩ز

چاپی یەكەم




ناوی کتێب: حوکمەکانی بانگ و قامەت

نووسینی: ئازاد فائق پێنجوێنی

پێداچوونەوەو پێشەکی: نورالدین ملا عبدالله وەڕازی

پێشەکی بۆ نوسینی: مەڕوان عەزیز کوردی

دیزاینی بەرگ: عەلی گەردی

نۆبەتی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ١٤٤٠ك – ٢٠١٩ز

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپخانەی: ڕێنوێن

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٢٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ

الْحَمْدُ لِلّهِ، وَالْصَّلَاةُ وَالْسَّلامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ مُحَمَدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.

قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((الْمُؤَذِّنُون أَطْوَلُ النَّاسِ أَعْنَاقًا يَومَ الْقِيَامَةِ))[1]، واته: ((بانگبێژان له ڕۆژی قیامەتدا گەردن هەرەبەرزترینن له نێو خەڵكیدا)).

وَقَالَ ﷺ: (( لَايَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ وَلَا إِنْسٌ وَلَا شَيءٌ، إِلَّا شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[2].

واته: ((بێگومان هیچ كام له جنۆكه و مرۆڤ و هیچ شتێكی تر نییه دەنگی بانگبێژ ببیستێ و شایەتیی بۆ نەدات له ڕۆژی دواییدا)).

---

١- أخرجه المسلم: (٣٨٧).

٢- أخرجه البخاري: (٣٠٧٣)، (٣٢٩٦).

## پێشکەشە بە:

- هەر موسوڵمانێکی دڵسۆز و هەڵگری ئاڵای ئەم ئیسلامە.
- هەموو ئەو مامۆستا بەڕێز و خۆشەویستانەم کە بەوەرگرتنی هەر پیتێك لەخزمەتیاندا وەرم گرتووە.
- دایك و باوك و خوشك و برا خۆشەویستەکانم و هاوسەری ئارامگرم

# پێشەكی مامۆستا مەڕوان كوردی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

سوپاسی بێ پایان بۆ پەروەردگاری جیهان، ئەو خودایەی كە مرۆڤی لە نەبوون هێنایە بوون، بەرنامەی ژیانی بۆ دانان و هیچ شتێكی فەرامۆش نەكرد، هەموو باس و خواسێكی پەیوەست بەژیانكردن و مامەڵەكردن لەگەڵ پێشهاتەكان بۆ بەیانكردن، درووددو سڵاو لە گیانی پاكی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ، ئەو پێغەمبەرە ئازیزەی كە بەرگەی گشت تاڵی و ناسۆرو ئازارەكانی گرت، تاوەكو پەیامی خودایی بگەیەنێت بەو شێوەی كە فەرمانی پێكرا بەبێ زیادو كەم، ڕازیبوونی خودایی وەك نمەی باران شەونمی بەیان برژێت بەسەر تەواوی یارانی بەرزو بەڕێزو بەئەمەكی و شوێنكەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

ئاشكرایە مرۆڤ زۆر جار هەست بەو نیعمەت و بەخششە خودابیانە ناكات كە تێیدا دەژی تاوەكو لەدەستی نەدات، و پشت هەڵنەكات و ماڵئاوایی لێ نەكات، جا ئەو بەخششە خودابیانە بێ شومار زۆرن و هەموو ژیانمانی تەنیوە، بەشێوەیەك بیرمان لەهەندێكیان نەكردوەتەوە هەرگیز و بەخەیاڵمانا نەهاتوون، ئەوانیش دەبن بە دوو كۆمەڵەوە:

یەكێكیان بەخششە مادی و جەستەییەكان، كە دەبنە هۆكاری مانەوەو ڕاگرتنی جەستەی مرۆڤ.

ئەوی تر بەخششە ڕۆحیەكان، كە دەبنە مایەی هاوسەنگڕاگرتنی ڕۆح لەبەرامبەر گشت پاڵەپەستۆیەكان.

ئەوەی كە ئەم كتێبە خنجیلانەو قەشەنگەی بەردەستت جەختی لێدەكاتەوەو باسی لێوە دەكات و دەیناسێنێت، بریتیە لە یەكێك لە بەخششە ڕۆحیەكان، كە ڕۆژانە پێنج جار بەسەرمان دەكاتەوەو، گشت شوێنێكی شار دەگرێتەوەو دڵ و سینەمان ساف و بێگەرد دەكات، وبەدەنگێكی پڕ سۆز بانگمان دەكات بۆ یەكێك لە گەورەترین و باشترین كردەوەكانمان(نوێژ)، پێمان دەڵێت وەرن بۆ سەرفرازی! وەرن بۆ شكۆ!.. ئەویش بریتیە لە بانگی پیرۆز! بەڵێ بانگ! ئەزیزانم ئەو بانگەی كەوا لای هەندێكمان بووە بە شتێكی سادەو ساكار، هەر وەك هەموو دەنگێكی تر گوێبیستی دەبین و هیچ كاریگەریەكمان بەسەردا جێ ناهێڵێت، خۆراكێكی ڕۆحیەو تەنیا كەسێك هەستی پێدەكات، كە لەوڵاتێكدا ژیابێت بانگی تێدا نەدرێت و گوێبیستی ئەو سەدا شیرینە زوڵاڵە نەبوبێت! بەڵێ ئەو دەزانێت كە چەندە حەسرەتێكی قورس و سەخت و ئازاربەخشە گوێبیست نەبوونی دەنگی بانگی پیرۆز.

جا بۆ ئەوەی ئەو بانگە پیرۆزە وەكو خۆی بمێنێتەوەو كاریگەرو ئاڕاستەكەربێ، دەبێ كەسانێك پێی هەستن كە چۆنیەتیەكی بزانن و ئەهلیەتی

ئەوەیان هەبێت کە ئەو ئەرکەیان بخرێتە سەرشان، وە ئەو ئەهلیەتەش نایەتە بوون مەگەر بە زانینی یاساو ڕێساو مەرجەکانی نەبێت.

بۆ ئەم مەبەستەش برای خۆشەویستمان (مامۆستا ئازاد پێنجوێنی) هەستاوە بەنووسینی ئەم کتێبە نازدارەو، تێیدا ئەو باس و خواسانەی شەن و کەو کردووە کە پەیوەستن بە بانگ و قامەتەوە، تێیدا بە شێوەیەکی زانستی بۆچوونی زانایانی پێشین و سەردەمی هیناوەو، بەڵگەکانی خستوەتە ڕوو.

داواکارم لەخوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوەو، ماندووبونیان بەزایە نەچێت، و کارەکانیان لێ وەرگرێت، و بیکاتە توێشو بۆ دوارۆژیان.

مەروان عەزیز
تورکیا/ئەستەنبوڵ
٥/ڕەجەب/١٤٤٠ی کۆچی
٢٠١٩/٣/١٢زاینی

# پێشەکی مامۆستا نورالدین ملا عبدالله وەڕازی

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، بەدی هێنەری بونەوەرو زەوی و ئاسمان، ڕێ نیشاندەر بۆ ڕێبازی ڕزگاربوون و کەرامەت و سەربەرزی هەردوو جیهان، دابەزێنەری شیفاو هیدایەت و ڕەحمەت کەناوی ناوە((قورئان)) وە تیایدا دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴾[فصلت: ٣٣]، وە درودو سلاْواتی بێ پایان برژێ بەسەر گیانی پێغەمبەرو پێشەواو ڕابەرو مامۆستاو سەروەرمان کۆتا پێغەمبەر بۆ ناساندنی پەروەردگار بەبەندەکان و ڕوونکەرەوەی ڕێبازی ڕاستەقینەی گەیشتن بە ڕزگاربوون، پێغەمبەری گشت مرۆڤایەتی ﷺ کەدەفەرموویێت: ((من دلّ على خير فله مثل أجر فاعله))، أخرجه مسلم.

پاشان:

برای ئازیزو بەڕێزم جەنابی (مامۆستا ئازاد پێنجوێنی) داوای لەبەندەی هەژار بۆ ڕەحمەتی الله کرد کە چاو خشانەوەیەك بکەم بەم کورتە لێکۆڵینەوەی بەڕێزیان لەسەر (بانگ و قامەت)، ئەو بابەتە گرنگەی کە ڕەنگە گرنگیەکی زۆری پێ نەدرابێت لەگەڵ ئەوەشدا کە بانگەشەکردنە بۆ یەکێك لەهەرە پایە گرنگەکانی ئەم دینە کەنوێژە، هەر بۆیە دەبینرێت کە هەڵەو کەم و کورتی و

ناشیاویەکی زۆر هەیە لە جێ بەجێ کردنی ئەو بابەتەدا لەلایەن زۆرێك لە بانگبێژانەوە.

بینیم کە برای بەڕێزمان بەشێوەیەکی کورت و پوخت بابەتی (**بانگ و قامەت**)ی هەڵسەنگاندووە و ئەوەی پێویست بێت گەیاندوویەتی، بەو هیوایەی ئەم کارەپیرۆزەی سەرەتایەك بێت بۆ کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوەی فراوانترو بەکرداری کردنی ئەم شەعیرە گرنگەی ئیسلام لە مزگەوتەکاندا.

خوای گەورە پاداشتی خێری برای بەڕێزمان بداتەوەو بیکاتە توێشوی قیامەتی و بەرچاو ڕۆشنتری بکات بۆ کاری گەورەتر.

و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

نورالدين ملا عبدالله وەرازی

سليمانى

١٦\شوال\١٤٤٠هـ

٩\٦\٢٠١٩ز

# پێشەكی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِين، الْحَمْدُ للهِ الَّذِي هَدَانَا لِلإِسْلَامِ وَمَاكُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللهُ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى أَشْرَفِ الأَنْبِيَاءِ وَالمُرْسَلِينَ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.

پاشان: سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ ئەو خودایەی كە خاوەنی هەموو دروستكراوانە، وە پادشای هەموو پادشایانە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی كە بانگدانی كردووە بە دروشمێك لە دروشمەكانی ئاینی ئیسلام، تا ئەو كەسانەی پێی هەڵدەستن و ئەنجامی دەدەن شانازیی پێوە بكەن، ئەمەش یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی ئوممەتی ئیسلامی لە نێو هەموو ئوممەتانی تردا، وە درووودو سەلامی خودا لەسەر كۆتا نێردراوی خودا محمد ﷺ و گشت پێغەمبەران بێت(علیهم الصلاة والسلام).

لەپاش پرس و ڕا لەگەڵ كۆمەڵێك مامۆستای ئاینی و شارەزا لەم بوارەدا بەباشم زانی ئەم نوسینەم كەپێشتر بەناوی(أَحْكَامُ الأَذَانِ وَالإِقَامَةِ) كردبووم بە (توێژینەوەیەك) لە (زانكۆی سلێمانی) بیكەم بە پەرتوكێك بەناوی (حوكمەكانی بانگ و قامەت)، بەزمانی كوردی شیرین هەروەها بەزمانی عەرەبی، وە لە بەرامبەر ئەو پاداشتە گەورەی لەبانگداندا هەیە بۆ بانگبێژان، چونكە یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی بانگ و قامەت ئەوەیە: دڵەكان ڕووناك دەكەنەوە و، تاریكی تاوان دەسڕنەوە بە وەڵامدانەوەیان بە گوفتار و بە

بەدەمەوەچوونی نوێژە فەرزەكان، وە بیسەر بەبیستنیان ئارام دەبێتەوە، بگرە بانگ هۆكارێكی گەورەیە لە بەرەوپێشچوونی مرۆڤ لە ئەركەكانیاندا، هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾[فصلت: ٣٣]،

واتە: ﴿كێ وتەی چاكتر و بەجێترە لەو كەسەی (خەڵك) بۆلای خوا بانگ دەكات و كاری چاك ئەنجام دەدات و دەڵێ بێگومان من لە پێڕی موسڵمانانم؟﴾.

هەندێك لە زانایان وتوویانە[١]: وشەی (دَعَا) لەم ئایەتەدا مەبەست پێی پێغەمبەرەﷺ، وە هەندێكی تر وتویانە مەبەست پێی(بانگبێژانە) هەروەكو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((الْمُؤَذِّنُونَ أَطْوَلُ النَّاسِ أَعْنَاقًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[٢]، واتە: ((بانگبێژان لە ڕۆژی قیامەتدا گەردن هەرەبەرزترینن لە نێو خەڵكیدا)).

كەواتە یەكێك لە باشترین و چاكترین كار و كردەوەكان لە ناو خەڵكیدا: كاری بانگبێژانە.

داواكارم لە خودای پەروەردگار، ئەم نووسینە بكاتە نووسراوێك كە تەنها لەبەر ئەو نووسرابێت وە نیەتمان پاك بكاتەوە بۆ خزمەتی دینەكەی.

---

١– تفسير ابن كثير الدمشقي: (٧| ١٧٩).

٢– أخرجه مسلم: (٣٨٩)، (٥٨٥).

خوای گەورە پاداشتی بەخێری هەموو مامۆستایان و هاوڕێیانی خۆشەویست و هاوسەری بەڕێزم بداتەوە کە هاندەرو پشتیوانم بوون لەم نووسینەدا، ئامین.

ئەوەی ڕاست و دروست بێت لەم نووسینەدا، ئەوە لەلایەن خواوەیە.. خۆ ئەگەر هەڵەیەکیشم تێدا کردبێت، ئەوە لەخۆم و لە شەیتانەوەیە، وە مرۆڤیش شایستەی هەڵەکردنە.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لله رَبِّ الْعَالَمِيْنَ، وَصَلَى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِيْنَ.

تکاکاری بەزەیی خوای میهرەبان:

**ئازاد فائق پێنجوێنی**

سلێمانی| ئازادی

شەوی هەینی

١١/جەمادی یەکەم/١٤٤٠ی کۆچی
٢٠١٩/١/١٧زاینی
Gmail:azadpenjweny١٥١@gmail.com.

+٩٦٤٧٥٠١٥١٨٨١٧

**بۆیە دەڵێم:**

ئەی ئەو برایەی کە دەنگت خۆشە -- شوێن ئیسلام کەوە خوا وای پێخۆشە

لە ڕۆژی دوایی مل بەرزترینی -- بێگومان لای خوا کەسیٚ سەنگینی

کاتێك بانگ بدە بانگت تەواوە -- با دەنگت خۆشبیٚ ئیسلام داینـاوە

بۆ هەر بانگدانیٚ شەست چاکەت هەیە -- وە بۆ قامەتێك سیی ترت هەیە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

## إجازَة في الأَذانِ والإِقامَةِ

الْحَمْدُ للهِ رَبِّ العالمينَ، والصَّلاةُ والسَّلامُ على نبيِّنا مُحَمَّدٍ، وَعَلى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعينَ، وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحسَانٍ إِلَى يَوْمِ الدِّيْن.

أَمَّابَعْدُ:

فإن الله سبحانه وتعالى قد خصَّ هذه الأمَّة بخصائص عدّة ومنها الأذان وقد أفرد الفقهاء له أبوابا وأقساما في مصنفاتهم ومن نعمة الله علينا أن نرويه بالأسانيد المتصلة إلى منتهاه، وبعد أن طلب منّي الأخ الفاضل: (ئازاد فائق توفيق البينجويني) الإجازة بالأذان والإقامة أقول وبالله التوفيق إنّي قد أجزتُه بالرواية عنّي وأخبره بأنّي أروي أحاديث الأذان عن شيخنا (رعد محسن حاوي السامرائي) حفظه الله وهو عن المحدّث الشيخ صبحى السامرائي رحمه الله تعالى عن أبي الصاعقة عن نعمان خير الدين أفندي الآلوسي ابن المفسر أبى ثناء عن أبي ثناء محمود بن عبدالله الآلوسي صاحب التفسير (روح المعاني) عن علي بن محمد سعيد السويدي عن أبيه راوية العراق أبي عبدالله محمد سعيد السويدي عن ابن عقيلة المكي (وقد ورد بغداد) عن عبدالله بن سا لم البصري عن الملا إبراهيم بن حسن الكوراني (صاحب الأمم لإيقاظ الهمم) عن صفيّ الدين أحمد المدني عن الرملي عن زكريا الأنصاري عن ابن حجر عن أبي محمد عبدالله بن

محمد بن محمد بن سليمان النيسابوري الأصل، المكي عن إمام المقام رضي الدين أبي محمد إبراهيم بن محمد بن أبي بكر الطبري عن أبي القاسم عبد الرحمن بن أبي حرمي عن أبي الحسن علي بن حميد بن عمار الطرابلسي أنبأنا أبو مكتوم عيسى بن الحافظ أبي ذر عبد بن محمد الهروي أنبأنا أبي قال أنبأنا العلامة أبو اسحاق إبراهيم بن أحمد المستعلي قال أنبأنا الفِرَبْري أبو عبدالله محمد بن يوسف بن مَطر أنبأنا (البخاري أبو عبدالله محمد إسماعيل بن إبراهيم) قراءة عليه وأنا أسمع قال حدثنا محمود بن غَيلان قال حدثنا عبد الرزاق قال أخبرنا ابن جريج قال أخبرني نافع أن ابنَ عمر كان يقول كان المسلمون حين قدموا المدينة يجتمعون فيتحيّنون الصلاة ليس ينادى لها فتكلم يوم في ذلك فقال بعضُهم اتخذوا ناقوسا مثل ناقوس النّصارى وقال بعضهم بل بوقاً مثل قرن اليهود فقال عمر أولا تبعثون رجلاً ينادي بالصّلاة فقال رسول اللهﷺ: {يا بلال قم فناد بالصّلاة}.

وأخبره بأنّي أروي حديث الأذان في مسند الإمام أحمد بنفس الإسناد إلى (الحافظ ابن حجر عن الحافظ العراقي وأبي الحسن الهيثمي) قالا: أخبرنا (محمد بن إسماعيل بن إبراهيم) الأنصاري الدمشقي ابن الخباز وأبي الحسن علي بن أحمد بن إبراهيم العرضي بالقاهرة قال الأول أخبرنا مسلم بن علان وقال الثاني قُرئ على زينب بنت مكي وأنا أسمع وأجازنا الفخر بن البخاري إن لم يكن سماعا قالوا أنبأنا حنبل بن عبدالله المُكثِر أخبرنا أبو القاسم عبدالله بن محمد بن الحصين قال أخبرنا أبو علي الحسن بن علي التميمي الواعظ أخبرنا أبو بكر أحمد بن جعفر القطِّيعي حدثنا عبدالله بن الإمام أحمد

قال حدثنا أبي قال حدثنا يونس حدثنا فَليح عن زيد بن أبي أُنيسة عن عمرو بن مُرّة عن عبد الرحمن بن أبي ليلى عن معاذ بن جبل قال أحيلت الصلاة ثلاثة أحوال وأحيل الصيام ثلاثة أحوال فأما أحوال الصلاة فان النبيﷺ قدم المدينة وهو يصلي سبعة عشر شهراً إلى بيت المقدس ثم إنّ الله أنزل عليه: ﴿ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِۚ ﴿١٥٠﴾ ﴾ [البقرة: ١٥٠] قال فوجَّهَهُ الله الى مكة قال: فهذا حول. قال: وكانوا يجتمعون للصلاة ويؤذِن بها بعضهم بعضاً حتى نقسوا أو كادوا ينقسون. قال ثم أن رجلاً من الأنصار يقال له عبدالله بن زيد أتى رسول اللهﷺ فقال: يا رسول الله اني رأيت فيما يرى النائم ولو قلت إنّي لم أكن نائماً لصدقت، إذ رأيتُ شخصاً عليه ثوبان أخضران فاستقبل القبلة فقال: {الله أكبر الله أكبر}، {أشهد أن لا إله إلا الله} (مثنى مثنى) حتى فرغ من الأذان ثمّ أمهل ساعة قال: ثم قال مثل الذي قال غير أنه يزيد في ذلك قد قامت الصلاة فقال رسول اللهﷺ: {علِّمْهَا بلالاً فَلْيؤذنْ بها}.

وأخبره أنِّي أروي حديث الأذان لأبي محذورة في صحيح الإمام مسلم بنفس الإسناد الى الحافظ ابن حجر قال أخبرنا أبو عبد الله محمد بن ياسين الجزولي المقرئ إجازة مكاتبةً قال أنبأنا الشريف موسى بن علي بن أبي طالب العلوي الموسوي قراءة عليه وأنا حاضر إجازةً منه قال أنبانا العلامة تقي الدين أبو عمرو عثمان ابن صلاح الشافعي والحافظ الحسن بن محمد بن محمد البكري سماعا عليهم لجميعه قالوا أنبانا المؤيد ابن محمد الطوسي قال أنبأنا فقيه الحرم

أبو عبد الله محمد ابن الفضل الصاعقي الفراوي قال أنبأنا أبو الحسين عبد الغافر ابن محمد الفارسي قال أخبرنا أبو أحمد محمد ابن عيسى الجلودي قال أخبرنا أبو إسحاق إبراهيم بن محمد ابن سفيان قال أخبرنا الإمام مسلم بن الحجاج القشيري رحمه الله قال حدثني أبو غسان المِسمعيُّ مالك ابن عبدالواحد وإسحاق ابن إبراهيم قال أبو غسان حدثنا مُعاذ وقال إسحاق أخبرنا معاذ ابن هشام صاحب الدّستوائي وحدثني أبي عن عامر الحول عن مكحول عن عبدالله مُحيريز عن أبي محذورة أنّ نبي اللهﷺ علّمه هذا الأذان: {الله أكبر الله أكبر، أشهد أن لا إله الاّ الله، أشهد أن لا إله الاّالله، أشهد أنّ محمداً رسول الله، أشهد أنّ محمداً رسول الله}، ثم يعود فيقول: {أشهد أن لا إله الاّ الله، أشهد أن لا إله الاّ الله، أشهد أنّ محمداً رسول الله، أشهد أنّ محمداً رسول الله، حيّ على الصلاة - مرتين- حيّ على الفلاح – مرتين}، زاد إسحاق {الله أكبر الله أكبر، لا إله إلاّ الله}.

وله أن يجيز بذلك من شاء من أهل العلم والفضل، فرب مبلغ أوعى من سامع، كما تلقاه مني، خالصاً لوجه الله سبحانه وتعالى، وكان الله قريباً وشهيدا.

وأوصي المجاز أعلاه ونفسي بتقوى الله وطاعته، واجتناب نواهيه، وإحياء السنن، وإماتة البدع، والله أسأل أن يوفقنا جميعاً لما فيه خير الإسلام والمسلمين، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ، وَعَلى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ، وَالحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِينَ.

حررها في مدينة حلبجة الجديدة حماها الله

**سيروان حامد** الشهرزوري توطنا البغدادي تولدا

٢٨/ ربيع الثاني ١٤٤٠هـ

الموافق لـ (٥/١/٢٠١٩) م.

# بەشی یەكەم

## پێناسەی بانگ و حوكمەكانی

شەش بابەت لەخۆ دەگرێت:

بابەتی یەكەم: پێناسەی بانگ لەزمانەوانی و لەشەرعدا

بابەتی دووەم: ڕێگە پێدانی بانگدان لە ئیسلامدا وە فەزڵ و گەورەییەكەی

بابەتی سێیەم: حوكمی بانگ بۆ (جەماعەت و بۆتاك)

بابەتی چوارەم: حوكمی بانگدان و قامەتكردن بە تۆماری دەنگی(التَّسْجِيْلُ الصَّوْتِي)

بابەتی پێنجەم: مەرجەكانی بانگدان

بابەتی شەشەم: قسەكردن لە كاتی بانگدانیدا

*******

# بابەتی یەکەم

## پێناسەی بانگ:

بانگ لە زمانەوانیدا: بە واتای زانین و ئاشکراکردن دێت، سەرچاوەکەشی بەم شێوەیە وەرگیراوە (التَّأْذِيْنُ مَصْدَرُ أَذَّنَ- يُؤَذِّنُ- أَذَانًا، وَمُؤَذًّا)، وە دەوترێت (أَذَّنْتُ بِهَذَا الْأَمْر)، ڕێگەم بەم کارە دا، واتە: زانیم، یان دەوترێت آذَنَنِي فُلَانٌ، فلان کەس پێی وتم، واتە: ئاگاداری کردمەوە[٣].

هەر وەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلْحَجِّ ﴾[الحج: ٢٧]، واتە: ﴿جاڕ بدە بە ناو خەڵکیدا کاتێك دێنە لات بۆ حەج﴾، واتە: ئاگاداریان بکەرەوە.

هەروەها الأَذَانُ، وَالْأَذِيْنُ وَالتَأْذِيْنُ، هەموویان بە واتای بانگکردنە بۆ نوێژ[٤].

بانگ لە ڕوانگەی شەرعەوە: زیکرێکی تایبەتە کە ئایینی ئیسلام دایناوە بۆ ئاگادارکردنەوە بۆ کاتی نوێژە فەرزەکان و، بانگکردنی

---

٣- مقاييس اللغة: ص٣٣.

٤- القاموس المحيط: ج١، ص١١٨٥.

موسڵمانانە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو عیبادەتە[٥]، وە لەلایەن زانایانەوە چەند پێناسەیەکی تری بۆ کراوە وەکو:

- بریتییە لە بانگەوازکردن بۆ نوێژ بە چەند وتەیەکی تایبەت[٦].
- عیبادەتێکی خواییە بە بانگەوازکردن بۆ کاتی نوێژە فەرزەکان بە چەند وتەیەکی دیاریکراو[٧].

کەواتە بانگدان عیبادەتە وەکو چۆن بەجێ گەیاندنی نوێژ و زەکات و حەج و ڕۆژوو عیبادەتن.

*******

## بابەتی دووەم

### ڕێگەپێدانی بانگدان لە ئیسلامدا و، فەزڵ و گەورەییەکەی:

لە هەریەك لە (قورئان و سوننەت و ئیجماعی زانایاندا) کۆدەنگی تەواو هەیە لەسەر ئەوەی کە بانگدان کارێکی شەرعییە و ڕێگەپێدراوە، چونکە چاکە و پاداشتێکی گەورەی تێدایە.

---

٥- الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي: ج١، ص١١٤.

٦- موسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة:ج١، ص٥٩٢.

٧- صحيح فقه السنة وأدلته وتوضيح مذاهب الأئمة: ج١، ص٢٧٠.

## بەڵگەی یەکەم لە قورئاندا:

خوای پەروەردگار لەقورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ﴾[المائدة: ٥٨]، واتە: ﴿کاتێك ئێوە بانگ دەدەن بۆ نوێژ ئەو (دووڕووانە) گاڵتە و لاقەرتی پێ دەکەن، ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەوان گەلێکی نەفام و نەزانن﴾.

## بەڵگەی دووەم لە سوننەتدا:

فەرموودەی زۆرهەن لەوانە لە صەحیحەیندا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((إِذَا حَضَرَتِ الصَّلاةُ فَلْيُؤَذِنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ وَلْيُؤَمَّكُمْ أَكْبَرُكُمْ[8]))[9]، واتە: ((ئەگەر کاتی نوێژ هات با یەکێکتان بانگتان بۆ بدات و گەورەترینیشتان پێشنوێژیتان بۆبکات)).

وە فەرموودەی خەونەکەی عبداللهی کوڕی زەیدیشرضي الله عنه بەڵگەیە لەسەر شەرعییەتی بانگدان و چۆنییەتییەکەی باس کراوە، کاتێك لە خەونیدا بانگدانی فێرکرا، بەهەمان شێوە عومەری کوڕی خەتتابرضي الله عنه

---

٨- دەربارەی ئەوکەسەی لەپێشترە بۆ پێش نوێژی قال رسول اللهﷺ: ((يؤم القوم أقرؤهم لكتاب الله، وأقدمهم قراءة، فإن كانت قراءتهم سواء، فاليؤمهم أقدمهم هجرة، فإن كانوا في الهجرة سواء، فاليؤمهم أكبرهم سنا.....))، أخرجه مسلم: (٦٧٣)، واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((باکەسێك پێش نوێژی بۆ قەومەکەی بکات کە شارەزاترین بێت لە قورئان، وە لەپێشترینیان بێت(کۆنترین بێت)، ئەگەر لە خوێندنی قورئاندا یەکسان بوون، ئەوە بائەوکەسەی زووتر کۆچی کردووە پێش شنوێژییان بۆبکات، وە ئەگەر لە کۆچکردنیشدا یەکسان بوون، ئەوە با بەتەمەنترینیان پێشنوێژییان بۆبکات....))، هەروەها ڕیوایەتی تریشی لەسەر هاتووە.

٩- أخرجه البخاري: (٦٢٨)، (١٥٣٣)، والنسائي: (١٩٨٦(٦٣١)، (٦٣٥).

لەخەونیدا بانگی فێرکرا هەروەکو لە صەحیحی بوخاری و مسلم دا هاتووە((عَنْ ابْنِ عُمَرَ كَانَ، يَقُولُ: كَانَ الْمُسْلِمُونَ حِينَ قَدِمُوا الْمَدِينَةَ يَجْتَمِعُونَ فَيَتَحَيَّنُونَ الصَّلَاةَ لَيْسَ يُنَادَى لَهَا، فَتَكَلَّمُوا يَوْمًا فِي ذَلِكَ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: اتَّخِذُوا نَاقُوسًا مِثْلَ نَاقُوسِ النَّصَارَى، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: بَلْ بُوقًا مِثْلَ قَرْنِ الْيَهُودِ، فَقَالَ عُمَرُ: أَوَلَا تَبْعَثُونَ رَجُلًا يُنَادِي بِالصَّلَاةِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ : (( يَا بِلَالُ قُمْ فَنَادِ بِالصَّلَاةِ))[١٠]، واتە:- ((كاتێك موسوڵمانەكان هاتن بۆ مەدینە كۆدەبوونەوەو كاتی نوێژیان دەخەملاند، كەس بانگی نەدەدا، ڕۆژێكیان باسیان لێوە كرد هەندێكیان وتیان: زەنگێك وەك زەنگەكانی گاورەكان دابنێن، هەندێكی تریان وتیان: كەڕەنایەك وەك كەڕەنای جولەكە دابنێن، ئیمامی عومەریشرضي الله عنه وتی: ئەی بۆ پیاوێك نانێرن بانگ بدات بۆ نوێژ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئەی بیلال هەستە بانگ بدە بۆ نوێژ))، وەكاتێك ئەم خەونانەیان بۆ پێغەمبەرﷺ گێڕایەوە ئەویش فەرمووی: ((إِنَّهَا لَرُؤْيَا حَقٌّ إِنْ شَاءَ اللهُ، فَقُمْ مَعَ بِلَالٍ فَأَلْقِ عَلَيْهِ مَارَأَيْتَ، فَإِنَّهُ أَنْدَى صَوتاً مِنْكَ))[١١]، واتە: ((بەڕاستی ئەوە خەونێكی حەق و ڕاستە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە، بڕۆ لەگەڵ بیلالدا ئەوەی بینیت لەو خەونەتدا بۆی باسە بكە، چونكە ئەو دەنگی لە تۆ بەرزترو خۆشترە)).

---

١٠- أخرجه البخاري: (٦٠٣)، مسلم: (٨٣٥).

١١- أخرجه أبو داود: (٤٢٠)، (٤٩٩)، وصححه الألباني من المعاصرين في صحيح أبي داود: (٥١٢).

هەروەها لە بانگدا پاداشتێكی گەورە هەیە، بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ كە فەرموویەتی: (( لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ مَا فِي النِّداءِ[١٢]، وَالصَّفِّ الأَوَّلِ، ثُمَّ لَمْ يَجِدُواْ إِلَّا أَنْ يَسْتَهِمُّوا عَلَيهِ، لَاسْتَهَمُّوا....))[١٣].

واتە: ((ئەگەر خەڵكی بیانزانیبایە بانگ و ڕیزی یەكەمی نوێژی بەكۆمەڵ چییان تێدایە – لە گەورەیی و خێر و پاداشت - ئەگەر دەست نەكەوتایە بە تیروپشك نەبێت، ئەوە تیروپشكیان بۆ دەكرد..))

هەروەها فەرموویەتی: (( لَايَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ وَلَا إِنْسٌ وَلَا شَيءٌ، إِلَّا شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيامَةِ))[١٤].

واتە: ((بێگومان هیچ كام لە جنۆكە و مرۆڤ و هیچ شتێكی تر نییە دەنگی بانگبێژ ببیستێ و، شایەتیی بۆ نەدات لە ڕۆژی دواییدا)).

لە فەرموودەیەكی دیكەدا پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((الْمُؤَذِّنُونَ أَطْوَلُ النَّاسِ أَعْنَاقًا يَومَ الْقِيَامَةِ))[١٥]، واتە: ((بانگبێژان لە ڕۆژی قیامەتدا گەردن هەرەبەرزترینن لە نێو خەڵكیدا)).

---

١٢– والنداء: هو الأذان، والصف الأول: يراد به المبادرة إلى الجماعة، والاستهام: الاقتراع.

١٣– متفق عليه: أخرجه البخاري: (٥٨٣)، (٦١٥)، و مسلم: (٦٦٦)، (٤٤٠).

١٤– أخرجه البخاري: (٣٠٧٣)، (٣٢٩٦).

١٥– أخرجه المسلم: (٣٨٩)، (٥٨٥).

هەروەها لەئەبوهورەیرەوەﷺ وتویەتی پێغەمبەرﷺ فەموویەتی: (( الْإِمَامُ ضَامِنٌ وَالْمؤَذِّنُ مُؤْتَمَنٌ اللَّهُمَّ أَرْشِدِ الْأَئِمَّةَ وَاغْفِرْ لِلْمُؤَذِّنِينَ))[١٦]، واتە: ((پێشەوا دەستەبەرە و بانگبێژیش ئەمینداره، ئەی پەروەردگارا ڕێنمایی پێشەوایان بکە و لە بانگبێژانیش خۆش ببە))، " الضَّمَان" واتە: کەفالەت و پاراستن و ئاگاداربوون، "الْمُؤْتَمَن" واتە: دەستپاکی و ڕاستگۆیی لە پاراستنی کاتەکانی بانگدا.

ئیمامی شافعی (رحمه الله) بە قەولی ڕاجح و، حەنبەلییەکان (رحمهم الله) بانگ و قامەت بە گەورەتر دەزانن لە ئیمامەت[١٧]، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە فەموویەتی: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾[فصلت: ٣٣]، واتە: ﴿کێ وتەی چاکترو بەجێترە لەو کەسەی (خەڵك) بۆ لای خوا بانگ دەکات و، کاری چاك ئەنجام دەدات و، دەڵێ بێگومان من لە پێڕی موسوڵمانانم﴾.

هەروەها حەنەفییەکان (رحمهم الله) وتویانە[١٨]: ئیمامەت و قامەت[١٩] گەورەترن لە بانگدان، لەبەر ئەوەی پێغەمبەرﷺ و خەلیفە

---

١٦- أخرجه الترمذي: (١٩١)، (٢٠٧). وصححه الألباني في إرواء الغليل: (٢١٧).

١٧- شرح العمدة لابن تيمية: (١٤٠\٣)، مغني المحتاج إلى معرفة ألفاظ المنهاج: (١٧٣\٢)، الفقه الإسلامي وأدلته: ج١، ص٦٩٣.

١٨- شرح العمدة لابن تيمية: (١٤٠\٣)، مغني المحتاج إلى معرفة ألفاظ المنهاج: (١٧٣\٢)، الفقه الإسلامي وأدلته: ج١، ص٦٩٣.

ڕاشیدینەکانیش ئیمامەتیان گرتووەتە ئەستۆ، بەڵام بانگدانیان نەگرتووەتە ئەستۆ.

*******

## بابەتی سێیەم

### حوکمی بانگدان:

زانایان سێ ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی حوکمی بانگدان و قامەت کردن[٢٠]:

١- بانگدان (فەرزی کیفائییە) لە شار و لادێدا، واتە ئەگەر لە مزگەوتێکدا بانگ بدرێت و لەمزگەوتێکی تر لەو دەوروبەرە بانگ نەدرێت بەس نوێژەکە بە جەماعەت ئەنجام بدرێت، نوێژەکە دروستە و کێشەیەکی تێدا نییە، ئەمەش وتەی حەنبەلییەکان و وتەی محمد لە

---

١٩- هەندێك لەزانایانی تریش دەڵێن: هەردوو قەولەکەی سەرەوە گەورەن و پاداشتیان هەیە، وە بە نیسبەت کەسەکەوە پاداشتەکەی دەگۆڕێت: کەسێك ئەگەر زانی بەدەنگی خۆشی کاریگەری لەسەر موسوڵمانان هەیە بەبانگەکەی ئەوە بەنیسبەت ئەوەوە بانگدان گەورەترە لەپێشنوێژی، وەهەرکەسێکیش زانی بە پێش نوێژییەکەی کاریگەری لەسەر موسوڵمانان دەبێت ئەوە بەنیسبەت ئەوەوە پێش نوێژی گەورە ترە لە بانگدان، وە پێغەمبەر ﷺ هەروەها خولەفاڕاشیدینەکانیش پێش نوێژیان کردووە نەك بانگبێژی، لەبەر ئەوە ڕای دووەم کە ڕای حەنەفییەکانە بەهێزتر و تەواوترە، والله تعالی أعلم. وتەی: (شێخ محمد طاهر بەرزنجی (حفظه الله)).

٢٠- المجموع شرح المهذب: (٣\٧٢-٨١)، الموسوعة الفقهیة الکویتیة: (٢\٣٥٧-٣٥٩)، الفقه علی مذاهب الأربعة: (١\٢٨٣-٢٨٤).

حەنەفیەکان و قەولێکی مالکییەکان و، هەروەها وتەی هەندێك لە شافعیەکان و، ئیبن عبدالبر و ئیبن تیمیە و داودی ظاهري و أبي ولید الباجیە، وە لەزانایانی سەردەم: شێخ ئیبن باز و ئیبن عثیمین و شێخ الألباني(رحمهم الله) ئەم وتەیان هەڵبژاردووە.

وە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((إِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ وَلْيُؤَمَّكُمْ أَكْبَرُكُمْ))[٢١]، واتە: ((ئەگەر کاتی نوێژ هات، با یەکێکتان بانگ بدات و، گەورەترینشتان ئیمامەتتان بۆ بکات)).

ئەگەر لە گوندێکدا کەسێك بانگ بدات ئەوە تاوانەکە لەسەر ئەوانی تر لادەچێت.

٢- مەزهەبی شافعییەکان و مالکییەکانیش (رحمهم الله) لەسەر ئەو ڕایەن کە بانگ و قامەت (سوننەتێکی موئەککەدەن).

٣- هەندێك لە شافعیەکان و حەنبەلییەکانیش(رحمهم الله) وتویانە کە بانگدان (واجبە).

هەروەها ئیمامی شەرەنبەلالی (رحمه الله) وتویەتی[٢٢]: " بانگ و قامەت (سوننەتێکی موئەککەدەن) بۆ نوێژە فەرزەکان و، بۆ کەسێك بەتەنها نوێژبکات یان نوێژەکەی بگێڕێتەوە، یاخود لەسەفەردابێت یان بەحازری ئەنجامی بدات بۆ پیاوان، بەڵام بۆ ئافرەتان مەکروهە).

---

٢١– أخرجه البخاري: (٦٢٨)، (١٥٣٣)، والنسائي: (٦٣١)، (٦٣٥).

٢٢– نور الإيضاح ونجاة الأرواح في الفقه الحنفي: ج١، ص٤٧.

## حوكمی بانگ سەبارەت بە تاك و بە كۆمەڵ (جەماعەت و بەتەنها) زانایان سێ رایان هەیە:

سيد سالم (رحمه الله) وتويەتی[٢٣]: (هەركەسێك نوێژ بكات لە شارێكدا با بانگ بدات، ئەگەر بەبانگی مزگەوتێكی تریش نوێژی كرد و بانگی نەدا، ئەوا نوێژەكەی تەواوە، خۆ ئەگەر بانگی دا و قامەتیشی كرد، پاشان نوێژەكەی ئەنجام دا، ئەوا كارێكی باشی كردووە، لەبەر ئەو پاداشتە گەورەیەی هەیە بۆبانگدان، وەكو لە فەرموودەكانی أبو سعيد و عوقبەی كوڕی عاميردا لە باسی پاداشتی بانگداندا باسمان كرد، هەروەها ئەگەر كەسێك نوێژی جەماعەتی لەدەست چوو و، گەیشتە مزگەوتێك جەماعەت تەواو ببوو، ئەگەر بەبانگەی ئەوان نوێژەكەی ئەنجامدا ئەوا پاداشت وەردەگرێت، بەڵام باشتر وایە خۆی بانگ بدات و قامەت بكات پاشان نوێژەكەی ئەنجام بدات، هەروەكو لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوەﷺ وتويەتی: ((فَعَنْ عُثْمَانَرَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: أَتَانَا أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ فِي مَسْجِدِ بَنِي ثَعْلَبَةَ، فَقَالَ: قَدْ صَلَّيْتُمْ؟ وَذَلِكَ صَلَاةُ الْغَدَاةِ- فَقُلْنَا: نَعَمْ، فَقَالَ لِرَجُلٍ: أَذِّنْ، فَأَذَّنَ وَأَقَامَ ثُمَّ صَلَّى فِي جَمَاعَةٍ))[٢٤]، واتە: ((ئیمامی عوسمانرَضِيَ اللهُ عَنْهُ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ئەنەسی كوڕی مالیك هات بۆلامان لە مزگەوتی (بَنِي ثَعْلَبَةَ) وتی: ئایا نوێژتان كرد؟ كە نوێژی نیوەڕۆ بوو، وتمان: بەڵێ، بە پیاوێكی وت بانگ بدە،

---

٢٣- صحيح فقه السنة وأدلته وتوضيح مذاهب الأئمة: ج١، ص٢٧٥.

٢٤- متفق عليه: البخاري: (٥٩٠)، (٦٢٣)، ومسلم: (١٨٣٦)، (١٠٩٤).

پیاوەكەش بانگی دا و قامەتی كرد، پاشان نوێژی جەماعەتی بۆكردن)).

ئیمامی شافعی و ئەحمەد (رحمهما الله)[٢٥]: هەمان ڕای ئەم وتەی سەرەوەیان هەیە.

وە ئیمامی مالیك و ئەوزاعي (رحمهما الله) وتویانە[٢٦]: قامەت دەكرێت، بەڵام بانگ نادرێت.

هەروەها ئیمامی ئەبوحەنیفە و هاوەڵەكانی (رحمهم الله) وتویانە[٢٧]: پێویست بە بانگ و قامەت ناكات.

*******

٢٥- الأم: (١\٨٤)، والمغني: (١\٤١٨)، والأوسط: (٣\٦٠-٦٢).

٢٦- الأم: (١\٨٤)، و المغني: (١\٤١٨)، والأوسط: (٣\٦٠-٦٢).

٢٧- الأوسط في السنن والاجماع والاختلاف: ج٣، ص٦٠-٦٢.

# بابەتی چوارەم

## حوکمی بانگدان و قامەتکردن بە تۆماری دەنگی(التَّسْجِيْلُ الصَّوْتِي):

بانگ و قامەت یەکێکن لە گەورەترین عیبادەتە قەولییەکان، وە دەبێت کەسانێك ئەنجامی بدەن کە ئەهلیەتی ئەوکارەیان تێدا بێت، واتە دەبێت کەسێك بێت بانگی ڕەوان بێت و دەنگی خۆش بێت و ئەمینیش بێت.

سەبارەت بە بانگدان و قامەتکردن بەتۆماری دەنگی(التَّسْجِيْلُ الصَّوْتِي) زانایانی سەردەم(رحمهم الله) چەند ڕایەکیان هەیە: ڕای زۆربەیان ئەوەیە کەدەڵێن: تۆماری دەنگی نابێت بەکاربهێنرێت لەمزگەوتەکاندا بۆ بانگدان و قامەتکردن، چونکە بانگدان و قامەتکردن پێویستە نیەتی لەگەڵدابێت ئەوەش بە تۆماری دەنگی نایەتەجیّ، وە ئەو پاداشتەشی لەبانگدا هەیە بۆ بانگبێژان لەدەست دەچێت، وە لە زانایانی سەردەم شێخ عثيمين(رحمه الله)، هەروەها لەزانایانی کوردستانی عێراقیش شێخ نوری فارس(حفظه الله) هاوڕان لەگەڵ ئەم وتەیەدا.

**ئەمەش فەتوای کۆڕی زانایانی جیهانی سەردەمە دەربارەی بە بەکارهێنانی (تۆماری دەنگی بۆ بانگدان و قامەت کردن):** ( الْحَمْدُ لِلَّهِ وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ.

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ مَجْلِسَ الْمَجْمَعِ الْفِقْهِيِّ الْإِسْلَامِيِّ بِرَابِطَةِ الْعَالَمِ الْإِسْلَامِيِّ الْمُنْعَقِدَ بِدَوْرَتِهِ التَّاسِعَةِ فِي مَكَّةَ الْمُكَرَّمَةِ مِنْ يَوْمِ السَّبْتِ ١٢ \ ٧ \ ١٤٠٦هـ إِلَى يَوْمِ السَّبْتِ ١٩ \ ٧ \ ١٤٠٦هـ.... وَبَعْدَ اِسْتِعْرَاضِ مَا تَقَدَّمَ مِنْ بُحُوثٍ وَفَتَاوِي، وَالمُدَاوَلَةِ فِي ذَلِكَ.. وَبِنَاءً عَلَى مَا تَقَدَّمَ فَإِنَّ مَجْلِسَ المَجْمَعِ الفِقْهِيِّ الإِسْلَامِيِّ يُقَرِّرُ مَايلِي: أَنَّ الاِكْتِفَاءَ بِإِذَاعَةِ الأَذَانِ فِي المَسَاجِدِ عِنْدَ دُخُولِ وَقْتِ الصَّلَاةِ بِوَاسِطَةِ آلَةِ تَسْجِيلٍ وَنَحْوِهَا لايُجْزِئُ وَلَا يَجُوزُ فِي أَدَاءِ هَذِهِ العِبَادَةِ، وَلَا يُحَصَّلُ بِهِ الأَذَانُ المَشْرُوعُ، وَأَنَّهُ يَجِبُ عَلَى المُسْلِمِينَ مُبَاشَرَةً الأَذَانُ لِكُلِّ وَقْتٍ مِنْ أَوْقَاتِ الصَّلَوَاتِ فِي كُلِّ مَسْجِدٍ عَلَى مَا تَوَارَثَهُ المُسْلِمُونَ مِنْ عَهْدِ نَبِيِّنَا وَرَسُولِنَا مُحَمَّدٍ إِلَى الآنَ، وَاللهُ المُوَافِقُ، وَصَلَّى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعَيْنَ)[٢٨].

**بەلاَم هەندێکی تریان دەڵێن: کێشەی تێدا نیە بەکارهێنانی تۆماری دەنگی لەهەندێك کاتی پێویستدا، وە لەکاتی دەست نەکەوتنی بانگبێژی بانگ ڕەوان و دەنگ خۆش و ئەمین دەست نەکەوێت، ئەمەش وتەی کەمینەیە و وەرناگیرێت، چونکە پێچەوانەی ئیجماعی زانایانە، والله تعالى أعلم.**

*******

٢٨- أحكام الأذان والنداء والإقامة: ص١٧٦-١٧٧.

# بابەتی پێنجەم

## مەرجەکانی بانگدان:

زانایان مەرجی زۆریان داناوە بۆ دروستیەتی بانگ و، ڕاجیاییان هەیە لە ژمارەی مەرجەکاندا.

ئێمەش لێرەدا حەوت مەرج باس دەکەین:

١- بانگبێژ دەبێت موسوڵمانێکی، ژیری، نێربێت.

٢- دەبێت وشەکانی بانگ بە ڕیزبەندی بێت وەکو چۆن لە فەرموودەکاندا هاتووە بەو شێوەیە بە تەرتیب و ڕیزبەندی بوترێن، چونکە ڕیزبەندی نەکردن دەبێتە هۆی شێواندنی بانگەکە و، بانگەکە کەموکورتی تێ دەکەوێت و دەشوبهێنرێت بە یاری و وەك گاڵتەپێکردن دەردەکەوێت.

٣- پێویستە وشەکانی بانگ بەدوای یەکدا بوترێن، بەشێوازێ مەودای زۆر لە نێوان وشەکان نەبێت[٢٩].

٤- دەبێت دەنگ بەرز بکرێتەوە لە بانگدا ئەگەر بانگی بۆ کۆمەڵێك دا، ئەگەر بانگیشی بۆ خۆی دا ئەوا دەنگ بەرزکردنەوە سووننەتە لە غەیری مزگەوتدا، بەڵام ئەگەر بانگی لەمزگەوتێکدا دا کەجەماعەتی تێدا کرابوو، ئەوا سوننەتە دەنگی نزم بکاتەوە بۆ ئەوەی دانیشتوانی

---

٢٩– فقه العبادات على المذهب الحنفي: ج١، ص٧٤.

ئەو شوێنە بەهەڵە تێنەگەن كە كاتی نوێژێكی تر هاتووە[٣٠]، وە پێغەمبەرﷺ بە ئەبو سەعیدی خودریی‌رضي الله عنه فەرموو: ((إِنِّي أَرَاكَ تُحِبُّ الْغَنَمَ وَالْبَادِيَةَ، فَإِذَا كُنْتَ فِي غَنَمِكَ أَوْ بَادِيَتِكَ فَأَذَّنْتَ بِالصَّلاَةِ، فَارْفَعْ صَوْتَكَ بِالنِّدَاءِ، فَإِنَّهُ لاَ يَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ وَلاَ إِنْسٌ وَلاَ شَيْءٌ إِلَّا شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[٣١]، واتە: ((ئەبینم كە تۆ مەڕوماڵات و لادێت خۆش دەوێت، جا ئەگەر لای مەڕ و ماڵاتەكەت یان لە دەشتەكەت بووی كە بانگت دا بۆ نوێژ، دەنگت بەرز بكەرەوە، چونكە دەنگی بانگبێژ چەندێك بڕوات و جنۆكە و مرۆڤ و هەرشتێكی تر گوێیان لێ بێت، ئیللا لە ڕۆژی قیامەتدا شایەتیی بۆ دەدەن)).

٥- دەبێت كاتی بانگ هاتبێت ئینجا بانگ بدرێت: لەبەر ئەوەی پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((إِذَا حَضَرَتِ الصَّلاَةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ))[٣٢]، واتە: ((ئەگەر كاتی نوێژ هات با یەكێكتان بانگ بدات)).

وە نوێژ ناكرێت هەتا كاتی نوێژ نەیەت، چونكە بانگ ئامرازی ئاگاداركردنەوەیە بۆ ڕاگەیاندنی كاتی نوێژ، نوێژیش پێش بانگ دروست نییە بە كۆدەنگی هەموو زانایان، تەنها لە بەیانیاندا نەبێت

٣٠- الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي: ج١، ص١١٦.

٣١- أخرجه البخاري: (٣٠٧٣)، (٣٢٩٦).

٣٢- أخرجه البخاري: (٦٢٨)، (١٥٣٣)، والنسائي(٦٣١)، (٦٣٥).

کە دەکرێت چەند خولەکێك پێش کۆتایی هاتنی شەو، بانگێك بدرێت بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی بۆ هەستان بۆ نوێژ.

خەتیبی شەربینی (رحمه الله) لە موغني دا[٣٣] وتویەتی: "مەرجی تەواویەتی بانگ ئەوەیە کە کاتەکەی بزانرێت، بێجگە کەسێك کە یەك جار بانگ بۆ خودی خۆی یان بۆ کۆمەڵێك بدات ئەوە مەرج نیە کاتەکەشی بزانێت، بەڵکو ئەگەر کاتەکەی زانرا ئەوا بانگەکەی دروستە بە بەڵگەی دروستێتی بانگی نابینا".

٦- مەرجە کۆمەڵێك کەس گوێیان لە بانگ و قامەت بێت، ئەگەر بەس بۆخۆی بانگی دا ئەوا دەبێت بە جۆرێك بێت کەخۆی گوێی لێی بێت[٣٤].

٧- دەبێت بانگ تەنها بە زمانی عەرەبی بوترێت[٣٥]، دروست نییە بە هیچ زمانێکی تر بانگ بدرێت ئەگەر بۆ کۆمەڵێك بانگ بدات، وە شافعییەکان (رحمهم الله) دەڵێن ئەگەر بە تەنها بوو بەس بۆخۆی بانگی دا بەزمانی خۆی وە عەرەبی نەزانی ئەوە دروستە تا فێر دەبێت، بەڵام لای حەنەفیەکان و حەنبەلیەکان(رحمهم الله) دروست نییە، دەڵێن: چونکە بانگیش وەکو قورئان بە زمانی عەرەبی هاتووە[٣٦]، وە ئەم

---

٣٣- مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج: ج١، ص٣٢٣.

٣٤- موسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة:ج١، ص٥٩٩.

٣٥ـ واتە: زمانی قورئان.

٣٦- ابن عابدين: (١\٢٥٦)، كشاف القناع: (١\٢١٥)، المجموع: (٣\١٢٩).

ڕایەش بەهێزەو تەواوە، وە ئەو وتەیەی شافعییەکان لاوازەو کاری پێ ناکرێت چونکە بەڵگەی لەسەر نەهاتووە، والله أعلم.

*******

## بابەتی شەشەم

### قسەکردن لەکاتی بانگداندا:

زانایان ڕاجیاییان هەیە لەسەر ئەوەی ئایا لەکاتی بانگ و قامەت دا قسە دەکرێت یاخود نا؟[٣٧]:

یەکەم: هەندێکیان دەڵێن قسەکردن دروستە[٣٨]؛ بۆ بانگبێژ لە کاتی بانگداندا، ئەگەر قسەکردنەکەی شەرعی (ڕێگە پێدراو) و شیاو بێت، وەك وەڵامدانەوەی سەلام و پژمە و...، ئەمەش وتەی ئیمامی أحمد و ئیبن زوبیر و حەسەن و عەتا و ئیبن حەزمیشە (رحمهم الله).

٣٧- الأوسط: (٣\٤٣)، و مسائل أحمد لأبي داود: (٢٧)، والأم: (١\٨٥)، المدونة: (١\٥٩).

٣٨ – المغني: ج١، ص٤٢٤.

چونکە سابت بووە لە سولەیمانی کوڕی صوڕەدەوە هاوەڵی پێغەمبەرﷺ کە:- ((أَنَّهُ كَانَ يُؤَذِّنُ لِلْعَسْكَرِ، فَكَانَ يَأْمُرُ غُلَامَهُ فِي أَذَانِهِ بِالْحَاجَةِ))[٣٩]، واتە: ((کاتێك بانگی داوە بۆ سەربازەکانی، لەنێوانی بانگەدا لەکاتی پێویستدا فەرمانی بە بەردەستەکانی دەکرد))، واتە (قسەی کردووە لە کاتی بانگدا).

هەروەها ئیمامی ئەبو داود (رحمه الله) وتویەتی: بە ئیمامی أحمدم وت: ئایا دروستە کەسێك قسە بکات لە کاتی بانگدا؟ وتی: بەڵێ.. پێی وترا: ئەی لە کاتی قامەتدا قسە دەکرێت؟ وتی: نەخێر.

دووەم: هەندێکی تریان دەڵێن مەکروهە[٤٠]" واتە کەراهەتی هەیە قسەکردن لەکاتی بانگدان و قامەتکردندا، ئەمەش وتەی ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیك و شافعی و سەوری و نەخەعی یە(رحمهم الله).

ڕای ڕاجح وتەی یەکەمە کە دەڵێن قسەکردن دروستە ئەگەر قسەکردنەکە شەرعی بێت و زۆر نەخایەنێت، واتە مەودای قسەکردنەکە کەم بێت، والله تعالى أعلم.

*******

---

٣٩- أخرجه البيهقي: (١\٣٩٨)، المحلى لابن حزم: (١٩٢\٣).

٤٠- المغني: ج١، ص٤٢٤.

# بەشی دووەم

## چۆنییەتیی بانگدان و سوننەتەکانی

حەوت بابەت لەخۆ دەگرێت:

بابەتی یەکەم: چۆنییەتیی بانگدان و شێوازی وتنەکەی.

بابەتی دووەم: سوننەتەکانی بانگ.

بابەتی سێیەم: واتای وشەکانی بانگ.

بابەتی چوارەم: وتنی (الْصَّلَاُه خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) لە بانگدا.

بابەتی پێنجەم: وتنی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ) لەبانگدا.

بابەتی شەشەم: ئەوشتانەی موستەحەبن لە دوای بانگدان.

بابەتی حەوتەم: صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لە دوای بانگدان

*******

# بابەتی یەکەم

## چۆنییەتیی بانگدان و شێوازی وتنەکەی[٤١]:

**بانگ بەچەند شێوازێك دابەزیوە بۆمان وە ڕاجحترینیشیان ئەم شێوازەیە[٤٢]:**

چوار جار وتنی (اللهُ أَكْبَرَ) لەسەرەتاوە، پاشان وتنی ئەوەی ماوە لە بانگەکە دوو دوو بەبێ گەڕانەوە، بێجگە وشەی (لَا إِلَهَ إِلَّا الله) کە یەك جار دەوترێت و، ژمارەی وشەکانیشی (پانزە) وشەیە[٤٣]، لەبەر ئەو فەرموودەی عبداللهی کوڕی زەیدە رضي الله عنه کە بەم شێوەیە[٤٤]:

---

٤١- بانگ بە(سێ) شێواز دابەزیوە، پێشتر لەسەرەوە باسی ئەو شێوازەمان کرد کە ڕای ڕاجحی زانایانی لەسەرە، ئێستەش باسی شێوازەکانی تر دەکەین کە زانایان ڕا جیاییان هەیە لەسەری:

أ- شێوازی دووەم: چوار جار وتنی (اللهُ أَكْبَرَ) لەسەرەتاوە، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ هەردوو وتەی (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا الله، وە أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَّسُولُ الله)، واتە: بانگبێژ دوو جار ئەم دوو وتەیە دڵێ بەدەنگی نزم، پاشان بە دەنگی بەرز دەیانڵێتەوە، لە ئەبو محذورە وەرضي الله عنه هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فێری بانگی کردووە کە (نۆزدە) وشە بووە. أخرجه أحمد(١٥٣٨١)، أبو داود(٥٠٠)، (٥٠٣)، الترمذي(١٩٢)، وحسنه الألباني من المعاصرين في الثمر المستطاب: ص١٢٠.

ب- شێوازی سێیەم: وتنی (اللهُ أَكْبَرَ) دووجار لەسەرەتاوە، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ هەردوو وتەی (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا الله، وە أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَّسُولُ الله)، واتە: بانگبێژ بە دەنگی نزم دووجار ئەم دوو وتەیە دڵێ، پاشان بە دەنگی بەرز دەیانڵێتەوە و، ژمارەی وشەکانی (حەڤدە) وشەیە، لە ئەبو محذورە وەرضي الله عنه هاتووە لە ڕیوایەتێکی تردا کە پێغەمبەر ﷺ فێری بانگی کردووە، أخرجه مسلم: (٣٧٩)، (٥٧٧)، وغيره.

٤٢– فقه السنة: ج١، ص١١٢.

٤٣– اللباب في شرح الكتاب: ج١، ص٥٩، ومابعدها.

٤٤– وهو حديث أذان الملك النازل من السماء، رواه أبو داود في سننه (نصب الراية: ١ | ٢٥٩).

((اللّٰهُ أَكْبَرُ ١ اللّٰهُ أَكْبَرُ ٢

اللّٰهُ أَكْبَرَ ٣ اللّٰهُ أَكْبَرَ ٤

أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا الله٥.....أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا الله٦

أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَّسُولُ الله٧.....أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَّسُولُ الله٨

حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ٩...... حَيَّ عَلَى الصَّلَاة١٠

حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ١١...... حَيَّ عَلَى الْفَلَاح١٢

اللّٰهُ أَكْبَرُ ١٣ اللّٰهُ أَكْبَرَ ١٤

لَا إِلَهَ إِلَّا الله١٥))[٤٥].

*******

٤٥– أخرجه البخاري: (٦٠٣)، ومسلم: (٨٣٥)، والدارمي: (٧٠١)، (٧٠٩).

# بابەتی دووەم

## سوننەتەكانی بانگ:

١- سوننەتە بانگبێژ دەنگی بەرز بێت وە دەنگی خۆش بێت، وە دەنگ بەرز بكاتەوە بۆ بانگەكەی لە شوێنی بەرزدا، لەبەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەرﷺ كاتێك عبداللهی كوڕی زیدﷺ هەواڵی پێ دا كە ئەوخەونەی بینیوە ئەویش فەرمووی: (( أَلْقِهِ عَلَى بِلَالٍ، فَإِنَّهُ أَنْدَى مِنْكَ صَوْتًا))[٤٦]، واتە: ((بڕۆ بۆلای بیلال وفێری بكە با ئەو بانگەكە بڵێت، چونكە ئەو دەنگی لە تۆ بەرز و خۆشترە))، واتە دەنگی دوور دەڕوات، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا زۆرترین كەس بیبیستێت و كاریگەریی لەسەر دڵی بیسەر هەبێت و بێن بۆ نوێژ، لەبەر ئەوە دەبێت بانگبێژ دەنگی خۆش بێت، هەرچەند لەئێستادا پێویست ناكات بانگبێژ دەنگی بەرز بێت چونكە مكەبەرە هەیە دەنگەكە دەگوازێتەوەو مەودایەكی زۆر دەیگەیەنێت، ئیمامی داریمی و ئیبن خزیمە گێڕاویانەتەوە و دەڵێن: (( أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَمَرَ نَحْوًا مِنْ عِشْرِينَ رَجُلًا فَأَذَّنُوا، فَأَعْجَبَهُ صَوْتُ أَبِي مَحْذُورَةَ، فَعَلَّمَهُ الأَذَانَ))[٤٧]، واتە: ((پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە بیست كەس كردووە كە بانگ بدەن بانگیاندا، دەنگی

---

٤٦- أخرجه البيهقي في السنن الكبرى: (١٧٠٨)، (١\ ٣٩٩)، تخريجه ببرنامج: (جوامع الكلم).

٤٧- أخرجه الدارمي: (١١٧٢)، (١١٩٦)، تحفة: (١٢١٦٩)، أتحاف: (١٧٨٣٦)، تخريجه ببرنامج: (جوامع الكلم)، صحيح لغيره.

ئەبو محذورەی بەلاوە خۆشترین بوو بانگی فێرکرد))، وە کردی بەبانگبێژی شاری مەککە.

کەواتە دەنگ خۆشی مەرجە بۆ بانگدان، واتە کەسێك بانگەکەی ڕێك و ڕەوان بوو و، دەنگی خۆش بوو ئەوە لەپێشترینە بۆ بانگدان، ئەگەر ئەو ئەوکەسە ئامادە نەبوو ئەوکەسەی بانگەکەی ڕەوان و تەواوە بەڵام دەنگی خۆش نییە، وە ئەگەر ئەوکەسەش ئامادە نەبوو پاشان ئەوکەسەی دەنگی خۆشە بەڵام بانگەکەی ڕەوان نییە دەتوانێت بانگ بدات هەتا خۆی فێر دەکات.

٢- ئەگەر بانگبێژ بانگی داو تووشی بێ دەستنوێژی بچووك (الحَدَثُ الْأَصْغَر) هات، ئەوا بانگەکەی دروستە لای هەموو زانایان، هەروەها ئەگەر لەشی گران بوو، ئەوا بانگەکەی دروستە، چونکە بەڵگە نەهاتووە لەسەر ئەوەی لەشگران ڕێگری بانگدانی لێ بگیرێت، هەروەها لەشگرانی بە پیسی دانانرێت، هەرچەندە ئیمامی أحمد و إسحاق (رحمهما الله) ڕێگرییان لێ کردووە[٤٨]، وە ئەگەر بانگبێژ بە دەستنوێژ و پاك بێت ئەوا زۆر باشترە.

٣- سوننەتە بانگ بە لەسەرخۆیی بوترێت[٤٩]، قامەتیش بە خێرایی بوترێت[٥٠].

---

٤٨- الأوسط في السنن والاجماع والاختلاف: ج٣، ص٢٨.

٤٩- واتە: نێوان و فاسێڵە بخاتە نێوان وشەکانی بانگەکە، بەلاّم لەقامەتەکەدا بێجگە وشەکانی قامەتەکە هیچی تر نەوترێت.

٥٠- فقه العبادات على المذهب الحنفي: ج١، ص٧٤.

٤- سوننەتە بانگبێژ لە کاتی بانگداندا پەنجەکانی بخاتە ناو گوێیەکانی، چونکە لە یەکێك لە ڕیوایەتەکاندا هاتووە کە أبو جُحَيْفَةَ رضي الله عنه وتوویەتی: (( رَأَيْتُ بِلَالًا يُؤَذِّنُ وَيَدُورُ وَيَتَتَبَّعُ فَاهُ هُنَا وَهُنَا وَإِصْبَعَاهُ فِي أُذُنَيْهِ))(٥١)، واتە: ((بیلالم بینی کاتێك بانگی دەدا دەسووڕا بەملا و بەولادا و، پەنجەی سەبابە (شایەتمان)ی هەردوو دەستی دەخستە ناو گوێیەکانی))، مەبەستی سەرسووڕاندن بەملا و بەولادا لە کاتی وتنی (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ بەلای ڕاستدا، وە حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ بەلای چەپدا) بووە.

## زانایان وتوویانە لەمەدا دوو سوود هەیە(٥٢):

یەکەم: دەکرێت بەو شێوازە دەنگی بەرزتر بێت لەو سەرسوڕاندنەدا.

دووهەم: نیشانەیە بۆ ئەوەی لە دوورەوە بزانرێت ئەوە بانگبێژە و بانگ دەدات(٥٣).

٥- لاکردنەوەی سەر بە لای ڕاستدا لە کاتی وتنی (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ) دا هەردوو جارەکە، هەروەها لاکردنەوە بە لای چەپدا لە کاتی وتنی (حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ) دا هەردوو جارەکە(٥٤)، لەبەر ئەو فەرموودەی أبو

---

٥١- أخرجه الترمذي: (١٨١)، (١٩٧)، التحفة: (١١٨٠٧)، ومسلم برواية أخرى برقم: (٥٠٤)، (٧٢٨)، صحيح.

٥٢- دەکرێت سوودی تریشی هەبێت چونکە بانگ (أحسن القول)ە، وە بلاْوکردنەوەی حەقە، بۆیە لەگەیاندنی حەقدا گوێ ناگیرێت بۆ ووتەی دەوروبەر، والله أعلم.

٥٣- تمام المنة في فقه الكتاب وصحيح السنة: ج١، ص١٨٨.

٥٤- فقه السنة وأدلته وتوضيح مذاهب الأئمة: ج١، ص٢٨٥.

جُحَيْفَةَ‌ﷺ وتویەتی: (أَنَّهُ رَأَى بِلَالًا يُؤَذِّنُ)، قَالَ: (( فَجَعَلْتُ أَتَتَبَّعُ فَاهُ هَاهُنَا وَهَاهُنَا بِالأَذَانِ))[٥٥]، واته: ((بینی بیلال بانگ دەدات"، وتوویەتی: "سەیری دەمیم دەکرد بەملا و بەولادا ڕووی دەکرد له بانگدا)).

بۆیە سوننەتە بانگبێژ له کاتی بانگداندا سەری بەملاولادا بجوولێنێ و لاشەی ڕوو له قیبلەبێت وه جمهوری زانایان لەسەر ئەم قسەیە یەکدەنگن بێجگە ئیمامی مالیك نەبێت ئینکاریی لێ دەکات، وه ئیمامی أحمد و ئیسحاق پابەندیان کردووه ئەو کەسەی بانگ دەدات بەوەی که ڕوو بەملا و لادا بکات ئەگەر لەسەر بەرزایی بێت و بیەوێت خەڵکی گوێیان لێ بێت[٥٦].

٦- سوننەتە ئەو کەسەی بانگ دەدات بە پێوە بێت لەسەر بەرزاییەك یان دیوارێك بێت بۆ ئەوەی بانگەکە زیاتر بڕوات و زۆرترین کەس گوێیان لێی بێت.

ئیبن مُنذِر(رحمه الله) وتوویەتی: "هەموو ئەوانەی من فێری زانست بووم لەلایان یەك دەنگ بوون لەسەر ئەوەی سوننەتە بانگبێژ بە پێوە بانگ بدات"[٥٧].

---

٥٥- أخرجه البخاري: (٦٠١)، (٦٣٤).

٥٦- الأوسط في السنن والإجماع والإختلاف: ج٣، ص٢٦-٢٧.

٥٧- موسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة: ج١، ص٦٠٤.

هەروەها لە فەرموودەی أبی قەتادەدا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ بە بیلالی فەرموو ((قُمْ فَأَذِّنْ))[٥٨]، واتە: ((هەستە بانگ بدە))، بە فیعلی (أَمْر) هێناویەتی، وە هەموو بانگبێژەکانی پێغەمبەرﷺ بە پێوە بانگیان داوە.

بەڵام ئەگەر عوزری هەبوو وەکو نەخۆشی....، ئەوا دەتوانێت بە دانیشتنەوە بانگ بدات، هەروەها سوننەتە بە پێوە قامەت بکات.

٧- نابێت بانگەکە زۆر درێژ بکاتەوە، واتە: نابێت وەکو گۆرانی لێ بکات کە خەڵکی لێیان تێك بچێت ئەوە بانگە یاخود گۆرانییە، چونکە ئەوە کارێکی نەشیاوە[٥٩].

٨- سوننەتە دوو بانگبێژ هەبن بۆ بانگی بەیانی[٦٠]، یەکێکیان پێش بەرەبەیان بانگ بدات و، ئەوی تریان بانگی بەیانی بدات بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو دوو کاتە لێك جیا بکەنەوە، بەڵگەشمان ئەوفەرموودەی پێغەمبەرەﷺ کە فەرموویەتی: (( إِنَّ بِلَالًا يُؤَذِّنُ بِلَيلٍ، فَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى تَسْمَعُواْ أَذَانَ ابْنِ أُمِّ مَكْتُومٍ))[٦١]، واتە: ((بێگومان بیلال لە شەودا بانگ دەدات، بۆیە بخۆن و بخۆنەوە هەتا گوێتان لە بانگی ئیبن أُم مکتوم

---

٥٨- أخرجه البخاري: (٥٦٣)، (٥٩٥).

٥٩- الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي: ج١، ص١١٨.

٦٠- الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي: ج١، ص١١٨.

٦١- متفق عليه: البخاري: (٥٨٥)، (٦١٧)، و مسلم: (١٨٣٤)، (١٠٩٣).

دەبێت))، مەبەستی بانگی بیلال بانگی پێش بەرەبەیانە و، بانگی ئیبن أُم مکتوم بانگی بەیانییە.

٩- سوننەتە بانگبێژ لە شەوی باراناوی یان سەرمای زۆر یاخود تەڕ و تووشیدا کاتێك ئیمام دەیەوێت نوێژەکانیان بۆ جەمع بکات، بۆ ئەوکەسانەی لەماڵەوەن لە دوای (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاح) بڵێت: ((أَلَا صَلُّوا فِي الرِّحَالِ))[٦٢]، واتە: ((نوێژەکانتان لە شوێنی خۆتان ئەنجام بدەن))، یان بڵێت: ((صَلُّوا فِي بُيُوتِكُمْ))[٦٣]، واتە: ((لە ماڵەوە ئەنجام بدەن)).

١٠- سوننەتە یەك کەس بانگدان بگرێتە ئەستۆ و، کەسی بانگبێژ بە مەرجەکانی بانگبێژییەوە لەپێشترە بۆ بانگدان[٦٤].

١١- سوننەتە بۆ ئەو کەسەی گوێی لە بانگ و قامەتە بانگبێژ چی وت لەدوایەوە بیلێتەوە، بێجگە لەم شوێنانە کاتێك بانگبێژ وتی: (أَشْهَدُ أَنْ لَآ إِلَهَ إِلاَّ الله، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَّسُولُ الله) ئەویش بڵێت: (وَأَنَا أَشْهَدُ أَنْ لَآ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيْكَ لَهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيْتُ بِاللهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ

---

٦٢- متفق عليه: البخاري: (٥٩٩)، (٦٣٢)، و مسلم: (٧٠٠)، (١١٣٢).

٦٣- متفق عليه: البخاري: (٨٥٥)، (٩٠١)، و مسلم: (١٣٠٣)، (٧٨٠).

٦٤- الموسوعة الفقهية: ج١، ص٨٦.

رَسُولًا وَبِالْإِسْلَامِ دِيْنًا)[٦٥]، وه كاتێك بانگبێژ وتی: (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ) بلێیت: ((لَاحَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ)[٦٦]، وه كاتێك بانگبێژ وتی: (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ)بلێیت: (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ)، وه كاتێك بانگبێژ لەقامەتدا وتی: (قَدْ قَامَةِ الصَّلَاةُ، قَدْ قَامَةِ الصَّلَاةْ) بلێیت: ((لَاحَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ))، والله تعالی أعلم.

*******

## بابەتی سێیەم

### واتای وشەكانی بانگ:

واتای وشەكانی بانگ[٦٧] بەم شێوەیە:

- وتەی (اللهُ أَكْبَرَ) واتە: "خودا لەهەموو شتێك گەورەترە"، یان: خودا لەوە گەورەترە كە هاوەڵێك بخرێتە شانی كە شایەنی ئەو گەورەییەی ئەو نییە، یاخود بە واتای: زۆر گەورە دێت.

---

٦٥- أخرجه مسلم: (١\٢٩٠).

٦٦- أخرجه البخاري: (١\١٥٢)، و مسلم: (١\٢٨٨).

٦٧- موسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة: ج١، ص٦٠٢.

- وتەی (أَشْهَدُ) واتە: "شایەتی دەدەم و ئەزانم".
- وتەی (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ) واتە: "وەرن بۆ نوێژ، یاخود: بەپەلە وەرن".
- وتەی (الْفَلَاح) واتە: "بردنەوە و مانەوە و سەرفرازی"، چونکە نوێژخوێن دەچێتە بەهەشتەوە ئەگەر خودا بیەوێت، بەهەشتیش بردنەوە و مانەوەیە و ئەوەی دەچێتە بەهەشت بۆ هەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتەوە، بانگەوازیش بۆ سەرفرازی واتە: پەلە بکەن بۆ بردنەوە و مانەوەی هەتا هەتایی.
- هەروەها وشە کانی بانگ کۆتایی دەهێنرێت بە وتەی (لَا إِلَهَ إِلَّا الله) واتە: "هیچ خوایەك شایستەی پەرستن نییە بەحەق بێجگە لە خوا(الله)" بۆ ئەوەی بە ناوی خودا کۆتایی بێت و، کۆتا وشە یەکتاپەرستنی خوای تاقانە بێت، هەروەکو چۆن ناوی خودا دەستپێك بوو ئاوەهاش ناوی خودا دەبێت کۆتایی بێت(٦٨).
- وتەی (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) کە لە بانگی بە یانیدا دەوترێت واتە: "نوێژ باشترە لە خە و ".
- وتەی (قَدْ قَامَتِ الصَّلَاة) کە لە قامەتدا دەوترێت واتە: "ئێستا کاتی نوێژ هاتووە، یان کاتی نوێژ دەست پێکردنە".

*******

---

٦٨- کشاف القناع عن متن الإقناع: ج١، ص٢٧٣.

# بابەتی چوارەم

## وتەی (اَلْصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) لە بانگدا:

زانایان ڕاجیاییان هەیە لەوتنی(اَلْصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) لە بانگدا: هەروەکو ئیبن روشد(رحمه الله) وتوویەتی: [٦٩] (ڕاجیایی هەیە لەوتنی (اَلْصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) دا لەبانگی بەیانیدا ئایا دەوترێت یاخود نا؟

جمهوری زانایان دەڵێن: (اَلْصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) لەبانگی بەیانیدا دەوترێت.

هەندێکی تریان دەڵێن: ناوترێت چونکە لەڕستەکانی بانگدا نیە لەوانە ئیمامی شافعی(رحمه الله).

وە هۆکاری ڕاجیاییەکەشیان لەوەدایە کەدەڵێن ئایا لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا وتراوە یان لەسەردەمی ئیمامی عومەردا رضي الله عنه وتراوە؟).

ئیمامی شەوکانیش(رحمه الله) [٧٠] وتوویەتی: (ووتەی (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) سابت بووە لەبانگی بەیانیدا بەو فەرموودەی أَبو مَحْذُورَةَ رضي الله عنه قَالَ: ((عَلَّمَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الْأَذَانَ وَقَالَ: إذَا كُنْتَ فِي أَذَانِ الصُّبْحِ فَقُلْتَ حَيَّ عَلَى

---

٦٩- بداية المجتهد ونهاية المقتصد: ج١، ص١١٤.

٧٠- نيل الأوطار للشوكاني: ج٢، ص٤٥-٤٦.

الْفَلَاحِ فَقُلْ الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنْ النَّوْمِ))[٧١] واته: (( أَبو مَحْذوره ﵁ وتوويه‌تی: پێغه‌مبه‌ر ﷺ بانگی فێركردم وه‌ فه‌رمووی ئه‌گه‌ر له‌بانگی به‌یانیدا بووی له‌دوای حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ بڵێ الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنْ النَّوْمِ)).

وته‌ی زانایانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ی ئێستاش ده‌رباره‌ی ووته‌ی (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) ئایا له‌بانگی یه‌كه‌مدا ده‌وترێت یاخود له‌بانگی دووه‌مدا؟:

شێخ ئه‌لبانی(رحمه الله)[٧٢] وتوویه‌تی: "وته‌ی (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) بۆ بانگی یه‌كه‌می به‌یانییه‌ كه‌ پێش هاتنی كاتی خۆیه‌تی به‌نزیكی به‌ ئه‌ندازه‌ی چاره‌كه‌ سه‌عاتێك، به‌ به‌ڵگه‌ی فه‌رمووده‌كه‌ی ئیبن عومه‌ر(رضي الله عنهما) كه‌ وتوویه‌تی: ((كَانَ فِي الْأَذَانِ الْأَوَّلِ بَعْدَ الْفَلَاحِ: الصَّلَاةُ خَيرٌ مِنَ النَّوم مَرَّتَيْنِ))[٧٣]، واته: ((وته‌ی (الصَّلَاةُ خَيرٌ مِنَ النَّوم) له‌ بانگی یه‌كه‌مدا له‌ دوای حَيَّ الْفَلَاحِ بووه‌ دووجار)).

٧١- أخرجه أبو داود من طرق عدة في السنن: (١/١٣٦- ١٣٧- ١٣٨)، حديث: (٥٠٥-٥٠٠) من حديث أبي محذورة.

٧٢- تمام المنة في التعليق على فقه السنة: ج١، ص١٤٦.

٧٣- إتحاف المهرة: (١١٣٢٣)، (١٠٧٩٤) وحسنه ابن حجر في التلخيص والحبير: (١\٥٠٢).

وە شێخ ئیبن باز(رحمه الله) وتویەتی[٧٤]: وتەی (الْصَّلَاُه خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) جائیزە لەبانگی یەکەم بێت یاخود دووەم، بەڵام لەبانگی دووەمدا لەپێشترە.

هەروەها ئیبن عثیمین (رحمه الله)[٧٥] وتوویەتی: "وتنی: (الْصَّلَاُه خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) دوو جار لەبانگی بەیانیدا" واتە: لە دوای هەردوو وتەی (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ) دەوترێت.

هەروەها وتەی (الْصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) ناودەبرێت بە (التَّثْوِيْبُ) واتە: (پاداشت وەرگرتن) و، لە (ثَابَ- يَثُوبُ) وەرگیراوە، چونکە بانگبێژ پاداشت وەردەگرێت بە بانگکردنی خەڵکی بۆ نوێژ.

هەروەها وتەی (فِي أَذَانِ الْصُّبْحِ) (أَذَانْ) مُضَافٌ وە (الصُّبْحُ) مُضَافٌ إِلَيهِ) یە، لە بابی (إِضَافَةُ الشَّيءِ إِلَى سَبَبِهِ) یە، واتە: ئەو بانگەی هۆکارەکەی دەرکەوتنی بەیانییە، دروستیشە لە بابی (إِضَافَةُ الشَّئيءِ إِلَى نَوْعِهِ) بێت، واتە: بانگ لە بەیانیدا، بانگی بەیانی: ئەوەیە لە دوای دەرکەتنی بەرەبەیانەوە بوترێت، وە ناوبراوە بە (التَّثْوِيْبُ) لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا زۆربەی خەڵکی لە شیرینیی خەودان.

---

٧٤- فتاوى نور على الدرب: ج٦، ص٣١١.

٧٥- الشرح الممتع على زاد المستقنع: ج٢، ص٦١.

خەڵکی لەم سەردەمەدا کەوتوونەتە هەڵەی ئەوەی کە ئەم وتەی (الْصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) لە بانگی یەکەم واتە: پێش بەرەبەیان دەوترێت، گومانەکەشیان ئەوەیە کە لەهەندێك لەفزی تری فەرموودەکەدا هاتووە: ((وَإِذَا أَذَّنْتَ بِالْأَوَّلِ مِنَ الصُّبْحِ فَقُل: الصَّلَاَةُ خَيرٌ مِنَ النَّومِ، الصَّلَاَةُ خَيرٌ مِنَ النَّومِ))[٧٦]، واتە: ((ئەگەر بانگی یەکەمی بەیانیت دا بڵێ الصَّلَاَةُ خَيرٌ مِنَ النَّوم، الصَّلَاَةُ خَيرٌ مِنَ النَّومِ (نوێژ لەخەوتن باشترە، نوێژ لەخەوتن باشترە))، بەم شێوەیە وای بۆچوون کە (التَّثْوِيْب) لەو بانگەدایە کە لە کۆتایی شەودایە، لەبەر ئەوە ناویان ناوە (بانگی یەکەم) و، وتوویانە (الصَّلَاَةُ خَيرٌ مِنَ النَّومِ) لە بانگی دووەمدا بیدعەیە(داهێنراوە).

بۆیە دەڵێین[٧٧]: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((إِذَا أَذَّنْتَ الْأَوَّلَ لِصَلَاَةِ الصُّبْحِ)) واتە: ((ئەگەر بانگی یەکەمت دا بۆ نوێژی بەیانی))، فەرموویەتی (بۆ نوێژی بەیانی)، ئاشکرایە ئەو بانگەی لە کۆتایی شەودایە بۆ نوێژی بەیانی نییە، بەڵکو وەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ

---

٧٦- أخرجه أحمد: (١٥٣٧٦) وقال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح بطريقه.

٧٧- الشرح الممتع على زاد المستقنع: ج٢، ص٦١.

فەرموویەتی: ((لِيُوَقِّظَ النَّائِمُ وَيَرْجِعَ الْقَائِمُ))[٧٨]، واتە: ((بۆئەوەی خەوتوو بە خەبەر بێنێت و ئەوەشی بەخەبەرە بچێت بۆ مزگەوت)).

بەڵام نوێژی بەیانی بانگی بۆ نادرێت تەنها دوای بەرەبەیان نەبێت، ئەگەر پێش بەرەبەیانیش بانگی دا، ئەوا بانگی بەیانی نییە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺ کە فەرموویەتی: ((إِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ أَحَدُكُمْ))[٧٩]، واتە: ((ئەگەر کاتی نوێژ هات با یەکێکتان بانگتان بۆ بدات))، ئاشکرایشە نوێژ ناکرێت هەتا کاتەکەی نەیەت، وە کێشەکە لە وتەی ((إِذَا أَذَّنْتَ الْأَوَّلَ)) دایە.

بۆیە دەڵێین[٨٠]: ئەوە نابێتە کێشە، چونکە بانگ و قامەت لە زمانەوانیدا بە واتای ڕاگەیاندن و ئاشکراکردن دێن، دەبێت بانگ بۆ نوێژی بەیانی لە دوای هاتنی کاتەکەی بێت کە پێی دەڵێن بانگی یەکەم.

ئەمەش بە ڕوونی هاتووە کە ئیمامی مسلیم ڕیوایە تی کردووە لە دایکی ئیماندارانەوە عائیشە (رضي الله عنها) لە نوێژی پێغەمبەرەوەﷺ لە شەودا کە وتوویەتی: ((كَانَ يَنَامُ أَوَّلَ اللَّيلِ وَيُحْيِي آخِرَهُ، ثُمَّ إِنْ كَانَ لَهُ حَاجَةٌ إِلَى أَهْلِهِ قَضَى حَاجَتِهِ، ثُمَّ يَنَامُ، فَإِذَا كَانَ عِنْدَ النِّدَاءِ الأَوَّلِ

---

٧٨- أخرجه البخاري: (٦٢١).

٧٩- أخرجه البخاري: (٦٣١).

٨٠- الشرح الممتع على زاد المستقنع: ج٢، ص٦١.

..........))[٨١]، واته: ((لە سەرەتای شەودا دەخەوت و، لە کۆتایی شەودا بە خەبەر دەهات، پاشان ئەگەر کارێکی هەبوایە بۆ ماڵەکەی، کارەکەی ئەنجام دەدا، پاشان دەخەوت، کاتێك لە بانگی یەکەمدا بانگ دەدرا...... )).

مەبەستیش لە وتەی (عِنْدَ النِّدَاءِ الْأَوَّلِ) بێگومان بانگی بەیانیە بە نیسبەت قامەتەوە ناو نراوە یەکەم، هەروەکو پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلَاةٌ ))[٨٢]، واته: ((لە نێوان هەموو دوو بانگێکدا نوێژ هەیە))، مەبەستیش لە (أَذَانَيْنِ) بێگومان بانگ و قامەتە، نەك دوو بانگ.

هەروەها لە صەحیحی بوخاریدا (رحمه الله) هاتووە کە وتوویەتی: ((زَادَ عُثْمَانُ الْأَذَانَ الثَّالِثَ فِي صَلَاةِ الْجُمُعَةِ))[٨٣]، واته: ((ئیمامی عوسمانرضي الله عنه بانگی سێیەمی[٨٤] زیاد کردووە بۆ نوێژی هەینی))، دەشزانین کە جومعە یەك بانگ یان دوو بانگ و قامەتێکی تێدایە، کە ناوی ناوە بانگی سێیەم، بەم شێوەیەش گومانەکە لا دەچێت و نامێنێت، هەروەها

---

٨١- أخرجه البخاري: (١١٤٦).

٨٢- أخرجه البخاري: (٦٢٧) ، ومسلم: (٨٣٨)، من حديث عبد الله بن بريدة.

٨٣- أخرجه البخاري: (٩١٣) عن السائب بن يزيد.

٨٤- مەبەست لەبانگی سێیەم بانگی دووەمە، چونکە دوو بانگ و قامەتێك بووە بەوەش ئەگەر بانگ و قامەت بەبانگ دابنرێن بەو واتایە پێی دەوترێت بانگی سێیەم، ئەگینا خۆی بانگی دووەمە.

وتەی (الصَّلَاةُ خَيرٌ مِنَ النَّومِ) بۆ بانگی بەیانی دەبێت، کەپێی دەڵێن بانگی دووەم.

**ڕای ڕاجح** وتەی شێخ ئیبن باز و شێخ عوثەیمینە کەوتوویانە (الصَّلاةُ خَيرٌ مِنَ النَّوم) لەبانگی ئەخیردایە کە پێی دەڵێن بانگی دووەم، هەروەکو چۆن دەردەکەوێت لە لەفزی فەرموودەکاندا، وە هاوڕایە لەگەڵ ڕای جمهوری زانایانی پێشین و پاشیندا، بەڵام ئەگەر لەبانگی یەکەمیشدا وترا کێشە نابێت وەکو شێخ ئیبن باز وتویەتی، وَاللّٰهُ تَعَالَی أَعْلَمُ.

*******

## بابەتی پێنجەم

### وتەی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ) لە بانگدا:

ئیمامی شەوکانی (رحمه الله)[٨٥] وتوویەتی: "لە فەرموودەکەی عبداللهی کوڕی زەیددارضي الله عنه لە ڕستەکانی بانگدا وتەی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ)ی تێدا نییە.

ئیمامی زەکەریای ئەنصاری (رحمه الله)[٨٦] وتوویەتی: (هەرچوار ئیمامەکە ڕاجیاییان نییە لەوەدا کە ئەم وتەی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ)ە بەشێك نییە لە ڕستەکانی بانگ.

وە جمهوری زانایان وتوویانە: ئەوەی هاتووە لە هەردوو (صەحیحی بوخاری و موسلیم)دا ئەو وتەی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ)ی تێدا نییە، هەروەها وتوویانە: ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت کە هاتبێتیش ئەوە لە بانگی یەکەمدا بووە و، ئەمەش نەسخ بووەتەوە بەو فەرموودانەی هاتووە لە هەردوو صەحیحەکەدا.

ئێمەش دەزانین ئەو بانگەی بیلال و ابن أم مکتوم لە مزگەوتی مەدینەدا و، بانگی ئەبو مەحذورە لە مەککەدا و، سعدي الْقُرَظِي لە قوباء دا ئەم وتەی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ) تێدا نەبووە، خۆ ئەگەر ئەو

---

٨٥- نيل الأوطار: ج١، ص٥٠٣.

٨٦- أسنى المطالب في شرح روض الطالب: ج١، ص١٣٣.

وتەیەی تێدا بوایە ئەوا بێگومان بەو شێوەیە بە ئێمەش دەگەیشت و پشت گوێیان نەدەخست، بۆیە ئەوەمان بەصەحیحی بۆ نەگواستراوەتەوە مانای ئەوەیە کە ئەوە شتێکی داهێنراوو باتڵە"[٨٧].

ئەمە زیادەیەکە شیعەکان دەیڵێن لەبانگدا، لەکاتێکدا هەرچوار مەزهەبەکە کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم زیادەی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ)ە لەبانگدا ناوترێت.

*******

## بابەتی شەشەم

## ئەو شتانەی موستەحەبن لە دوای بانگدان:

١- دوعا کردن لە دوای بانگ[٨٨]: فەرموودەکەی جابرڕضي الله عنه: (( مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ النِّدَاءَ: اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّة، وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَة، آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَّهُ، حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[٨٩]، واتە: ((هەرکەسێك گوێی لە بانگ بوو با لەدوای بانگ بڵێت: اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّة، وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَة، آتِ مُحَمَّدًا

٨٧- آل رسول الله وأولياؤه: ج١، ص١٧٧.

٨٨- الوجيز في الفقه للعبدالعظيم البدوي: ص٤٦١.

٨٩- أخرجه البخاري: (٥٨٢)، (٦١٤).

الْوَسِيْلَةَ وَالْفَضِيْلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَّهُ، حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ))، واتە: ((خودای خاوەنی ئەم بانگەوازە تەواو و نوێژە دامەزراوە، پلەی بەرزی (الوسیلە) و (الفضیلە) کە پلەیەکی زیادەیە بەسەر دروستکراواندا بدە بە پێغەمبەرمان (محمد) و، بیخەرە ئەو شوێنە سوپاسکراوەی کە بەڵێنت پێی داوە)).

هەروەها حافظ ئیبن حجر (رحمه الله)[٩٠]وتوویەتی: "وشەی (حَلَّتْ لَهُ) واتە: "شایەنییەتی و واجب بووە بۆی یان بۆی دابەزیوە"، هەروەها لە (الطحَاوي)دا هاتووە لە فەرموودەی ئیبن مسعود دا ﷺ بە لەفزی (وَجَبَتْ لَهُ) واتە: "واجب بووە بۆی".

وە لە فەرموودەکەی عبداللەی کوڕی عەمردا ﷺ هاتووە بە مەرفوعی کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (( إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ فَقُولُواْ مِثْلَ مَايَقُولُ ثُمَّ صَلُّواْ عَلَيَّ فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ مَرَّةً صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْراً، ثُمَّ سَلُواْ اللهَ لِيَ الْوَسِيْلَةَ فَإِنَّهَا مَنْزِلَةً فِي الْجَنَّةِ لَاتَنْبَغِي أَنْ تَكُونَ إِلَّا لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللهِ، وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ، فَمَنْ سَأَلَ لِي حَلَّتْ عَلَيْهِ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ ))[٩١]، واتە: ((هەرکات گوێتان لە بانگبێژ بوو، ئەو چی وت ئێوەش بیڵێنەوە لە دوایەوە و، صەڵاواتم لەسەر بدەن، هەرکەسێك یەك جار صەڵاواتم لەسەر بدات ئەوا خوای گەورە دە صەڵاواتی لەسەر دەدات، پاشان

٩٠- فتح الباري شرح صحيح البخاري: ج٢، ص١٢٢.

٩١- أخرجه البخاري: (٦١٤)، البيهقي: (٤٨)، (٤٩).

داوای پلەی (الوسیلە)م بۆ بکەن لە خودا کە جێگەیەکە لە بەهەشتا کە تەنها بۆ یەك کەسە لە بەندەکانی خوا، لە خوام داوایە کە ئەو کەسە من بم، جا هەرکەس داوای ئەو پلەیەم بۆ بکات لەخوا، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەتی منی بۆ مسۆگەرە)).

هەروەها حافظ ئیبن حجر (رحمه الله)[٩٢]وتوویەتی: "لەوانەیە مەبەست لە بانگدان هەمووی بۆ ئەوە بێت، وە لەفزێکی ئیمامی موسلیم ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە ((قُولُواْ مِثْلَ مَايَقُولُ ثُمَّ صَلُّواْ عَلَيَّ...))[٩٣]"، واتە: ((بانگبێژ چی وت ئێوەش بیڵێنەوە لە دوایەوە و، صەڵاواتم لەسەر بدەن)).

٢- دوعاکردن لە نێوان بانگ و قامەتدا[٩٤]: لەو کاتەدا دوعا ڕەد ناکرێتەوە و وەڵام دەدرێتەوە، لەئەنەسەوە‌رضي الله عنه هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إِنَّ الدُّعَاءَ لاَيُرَدُّ بَيْنَ الْأَذَانِ وَالْإِقَامَةِ، فَادْعُوا))[٩٥]، واتە: ((بپاڕێنەوە، بێگومان دوعا(نزا) لە نێوان بانگ و قامەتدا ڕەد ناکرێتەوە)).

*******

٩٢- فتح الباري شرح صحيح البخاري: ج٢، ص١٢٠.

٩٣- أخرجه مسلم: (٨٤٧)، البيهقي: (٤٨)، (٤٩).

٩٤- صحيح فقه السنة وأدلته وتوضيح مذاهب الأئمة: ج١، ص٢٨٧.

٩٥- أخرجه أحمد: (١٢٥٨٤)، الترمذي: (١٩٦)، (٢١٢)، وصححه الألباني من المعاصرين في صحيح الترمذي: (٢٨٤٣).

# بابەتی حەوتەم

## صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لە دوای بانگدان:

ئیمامی ئیبن حجری هەیتەمی فەقیهی شافعی(رحمه الله) وتوویەتی[٩٦]: (نەمان بینیوە لە هیچ کام لەفەرموودەکاندا ئاماژە بەوە کرابێت کە سەلاوات بدرێت لەسەر پێغەمبەر ﷺ نە لەپێش بانگ وە نەلەدوای (مُحَمَّدًا رَّسُولُ اللّٰهِ)، هەروەها لە وتەی ئیمامەکانیشدا نەمان بینیوە ئاماژەیان بەوە کردبێت، وەهەریەك لەودوانە سوننەت نیە لەوشوێنەدا باسکراوە، هەرکەسێکیش لەیەکێك لەوشوێنانەدا زیادی بکات وە بڕواشی وابێت کەسوننەتە صەلاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدرێت ئەوە نەهی لێ دەکرێت وە ڕێگری لێ دەکرێت، لەبەر ئەوەی کارێکی ئەنجام داوە بێ ئەوەی بەڵگەی لەسەر هاتبێت، وە هەرکەسێکیش بەبێ بەڵگە شتێك زیاد بکات لەدیندا نەهی لێ دەکرێت و سەرزەنشتی دەکرێت).

ئیبن تیمییە (رحمه‌الله) وتویەتی[٩٧]: (صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ یەکێکە لە دوعاکان (نزاکان)…. وە سوننەتە دوعا بە شاراوە بێت مەگەر هۆکارێك هەبێت بۆ ئەوەی ئاشکرا بکرێت، وە خوای

٩٦- مجموع الفتاوى الفقهية الكبرى للهيتمي: ج١، ص٣١٣.
٩٧- مجموع الفتاوى ابن تيمية: ج٢٢، ص٢٧٤.

پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ٥٥ ﴾ [الأعراف: ٥٥].

واتە: ﴿دوعا و نزاکانتان لای خوا بکەن ب زەلیلی و بە نهێنی، بێگومان خوا دەست درێژی کارانی خۆش ناوێت﴾

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيّٗا ٣ ﴾ [مريم: ٣].

واتە: ﴿لە کاتێکدا پاڕایەوە لە پەروەردگاری بە نهێنی و پەنامەکی﴾.

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٢٠٥ ﴾ [الأعراف: ٢٠٥].

واتە: ﴿لە (دڵ) و دەروونتدا یادی پەروەردگارت بکە بە پاڕانەوە و ترس و بیمەوە بە بێ ئەوەی دەنگ بەرزبکەیتەوە لە بەرەبەیانی و دەمی ئێواراندا وە لە بێ ئاگایان مەبە﴾.

*******

# بەشی سێیەم

## چۆنییەتیی قامەتكردن و حوكمەكانی

چوار بابەت لەخۆ دەگرێت:

بابەتی یەكەم: پێناسەی قامەت (لە زمانەوانیدا و لەشەرعدا)

بابەتی دووەم: حوكمی قامەت

بابەتی سێیەم: چۆنییەتیی قامەتكردن و شێوازی وتنەكەی

بابەتی چوارەم: سوننەتەكانی قامەتكردن.

*******

## بابەتی یەکەم

### پێناسەی قامەت:

قامەت لە زمانەوانیدا[٩٨]: مصدری (أَقَامَ) یە، واتە هەستان بە ئەنجامدانی کارێك ئەگەر ئەو شتە (کارە)ی کرد ئەوا بەرِاگیراوی دەمێنێتەوە، وە چەند واتایەکی هەیە لەوانە (الْاِسْتِقْرَارُ، وَالْاِظْهَارُ، وَالنِّدَاءُ، واتە: جێگیربوون، ئاشکراکردن، بانگکردن).

هەروەها قامەت لەئەصڵدا مصدری (أَقَامَ) ڕاوەستانە و حەقیقەتەکەی: ڕاوەستانی کەسێکی دانیشتوو یان ڕاوەستانی کەسێك کە ڕاکشابێ، ئەگەر بانگبێژ وشەکانی قامەتی وت، ئەوا ئەوانەی دانیشتوون هەڵدەستن و، دانیشتنیان تەواو دەبێت[٩٩].

وە قامەت بەواتای چاوەڕوانی بۆ ئەنجامدانی کارێك دێت کە قامەت کرا چاوەڕوانی تەواو دەبێت.

قامەت لە ڕووی شەرعەوە: بەندایەتی کردنێکی خودایە بۆ هەستان بۆ نوێژ و بەجێ گەیاندنی بە چەند ویرد و زیکرێکی تایبەت کراو[١٠٠]، **وە زانایان بەچەند شێوەیەك پێناسەیان کردووە و، وتویانە:**

- ڕاگەیاندنە بۆ هەستان بۆ ئەوکارە، واتە: بۆ هەستان بۆ نوێژ بە چەند ویرد و زیکرێکی تایبەت کراو[١٠١].

---

٩٨- لسان العرب، والمصباح المنير، والممتع: (٣٥-٣٦).

٩٩- السنن الكبرى للبيهقي: ج١، ص٢٣٠.

١٠٠- صحيح فقه السنة وأدلته وتوضيح مذاهب الأئمة: ص٢٧٠.

• بریتیە لە چەند ویردێکی تایبەت بۆ هەستاندنی ئامادەبووان بۆ نوێژ[١٠٢].

*******

## بابەتی دووەم

### حوکمی قامەتکردن:

قامەتیش هەروەکو لەباسی حوکمی بانگداندا باسمان کردووە، بە هەمان شێوەی بانگدان (فەرزی کیفائیە) بۆ هەر پێنج نوێژە فەرزەکە، جا ئەگەر نوێژەکە کاتی خۆی هاتبێت یاخود بەسەر چووبێت[١٠٣]، بە بەڵگەی ئەو فەموودەی پێغەمبەرﷺ کە فەرموویەتی: (( مَا مِنْ ثَلَاثَةٍ فِي قَرْيَةٍ لَا يُؤَذَّنُ وَلَا تُقَامُ فِيهِمْ الصَّلَاةُ إِلَّا اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ))[١٠٤]، واتە: ((هیچ سێ کەسێك نییە لە دێیەکدا

---

١٠١- السنن الكبرى للبيهقي: ج١، ص٢٣٠.

١٠٢- فقه العبادات على المذهب الحنفي: ج١، ص٧٤.

١٠٣- منهاج المسلم كتاب عقائد وآداب وأخلاق وعبادات ومعاملات: ص١٨٨.

١٠٤- أخرجه أبو داود: (٥٤٧)، والنسائي: (٨٣٨)، (٨٤٧)، وحسنه الألباني من المعاصرين في الثمر المستطاب: ص١١٧.

بانگ و نوێژیان لە ناودا ئەنجام نەدرێت و شەیتان بەسەریاندا زاڵ نەبووبێت)).

وە ئەو وتەی أنسرضي الله عنه کە وتوویەتی: (( أُمِرَ بِلَالٌ أَنْ يَشْفَعَ الْأَذَانَ وَأَنْ يُوتِرَ الْإِقَامَةَ))[105]، واتە: ((فەرمان بەبیلال کرا کە بانگ بەجوت (دوو دوو) بڵێت وە قامەت بە تاك (یەك یەك) بڵێت)).

هەروەها ئەو فەرموودەی پێغەمبەرﷺ: (( إِذَا أَنْتُمَا خَرَجْتُمَا فَأَذِّنَا ثُمَّ أَقِيْمَا ثُمَّ لِيُؤَمَّكُمَا أَكْبَرُكُمَا))[106]، واتە: ((ئەگەر ئەو دوانەتان چوونە دەرەوە بانگ بدەن و قامەت بکەن پاشان با گەورەترینیشتان پێشنوێژیتان بۆ بکات)).

## حوکمی قامەت هەروەکو حوکمی بانگ وایە کە پێشتر باسمان کرد و، ئەم چەند خاڵەمان بۆ زیاد کردووە:

١- دەبێت قامەت بە خێرایی بکرێت لەگەڵ ئەوەشدا حەقی تەواوی پیتەکانی بدرێت، نەك ئەوەندە پەلەبێت ماناکەی بگۆڕێت یان پیتەکانی بگۆڕێت، وە هەر ڕستەیەکی بەدەنگێك بوترێت و، ڕستەکەی دواتر بە دەنگێکی تر[107].

---

١٠٥- أخرجه البخاري: (٥٧١)، (٦٠٢).

١٠٦- أخرجه البخاري: (٥٩٧)، (٦٣٠).

١٠٧- موسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة: ج١، ص٦١٥.

٢- ئەگەر بانگبێژ بانگی دا و قامەتی کرد، سوننەتە نوێژخوێنان ئەوەی بانگبێژ دەیڵێت لە بانگ و قامەت لە دوایەوە بیڵێنەوە، ئەمەش لە سوننەتدا هاتووە، هەروەك پێشتریش باسمانکرد[١٠٨].

٣- قامەت ڕێگەی پێ دراوە بۆ بانگەوازکردن بۆ هەستان بۆ نوێژ، بۆیە دەبێت دەنگ بڵند (بەرز) بکرێتەوە لە بانگ و قامەتدا بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن و بەئاگا ببنەوە و بێن بۆ ئەنجامدانی نوێژەکەیان[١٠٩].

٤- نابێت قامەت بکرێت مەگەر بە فەرمانی ئیمامەکە نەبێت، هەروەکو چۆن بیلال رضي الله عنه قامەتی نەدەکرد هەتا پێغەمبەر ﷺ دەردەکەوت، وە ئەگەر زۆر دوابکەوتایە دەیانوت: ((الصَّلَاةَ، يَا رَسُولَ اللَّهِ))[١١٠]، واتە: ((ئەی پێغەمبەر ﷺ کاتی نوێژە)).

*******

---

١٠٨- موسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة: ج١، ص٦١٧.

١٠٩- موسوعة الفقه الإسلامي: ج٢، ص٣٩٤.

١١٠- أخرجه البخاري: (١٣٧)، (١٣٩).

# بابەتی سێیەم

## چۆنییەتیی قامەتکردن و شێوازی وتنەکەی[١١١]:

**قامەت بەچەند شێوازێك دابەزیوە بۆمان، ئێمەش باسی ئەو شێوازەیان دەکەین کە ڕای ڕاجحی زانایانی لەسەرە[١١٢]:**

قامەت (یازدە) ڕستەیە[١١٣]، ئەویش قامەتی بیلالە رضي الله عنه لە ژێر دەستی پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە قامەتی کردووە لە سەفەر و لەناو شاردا کە بەم شێوەیە [١١٤]:

---

١١١- قامەت بە(سێ) شێواز دابەزیوە، وە پێشتر لەسەرەوە باسی ئەو شێوازەمان کرد کە ڕای ڕاجحی زانایانی لەسەرە، ئێستەش باسی شێوازەکانی تری دەکەین کە زانایان ڕا جیاییان هەیە لەسەری:

أ - قامەت (حەڤدە) ڕستەیە، ئەویش قامەتی ئەبو محذورە یەرضي الله عنه. أخرجه أحمد: (١٥٣٨١)، الترمذي: (١٩٢)، وحسنه الألباني من المعاصرين في الثمر المستطاب: ١٢٠.

ب- قامەت (دە) ڕستەیە، کە ڕستەی ((قَدْ قَامَتِ الصَّلَاة)) یەك جار دەوترێت لە قامەتدا. المدونة الكبرى للإمام مالك: (١\٥٨)، وموسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة: ج١، ص٦١٥.

١١٢- موسوعة الفقه الإسلامي: ج٢، ص٤٠٢.

١١٣- فتح الباري لابن حجر: (٢\٨٤)، الثمر المستطاب: (١\٢٠٩).

١١٤- موسوعة الفقه الإسلامي: ج٢، ص٤٠٢.

((اللّٰهُ أَكْبَرُ١،   اللّٰهُ أَكْبَر٢،

أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ٣،

أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَّسُولُ اللهِ٤،

حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ٥،

حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ٦،

قَدْ قَامَتِ الْصَّلَاةُ٧،   قَدْ قَامَتِ الصَّلَاة٨،

اللّٰهُ أَكْبَرُ٩، اللّٰهُ أَكْبَر١٠،

لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ١١))[١١٥].

*******

١١٥– أخرجه أبو داود: (٤٢٠)، (٤٩٩)، المجموع للنووي: (٣\٩٤)، المحلى لابن حزم: (٢\١٨٧).

# بابەتی چوارەم

## سوننەتەکانی قامەتکردن:

سوننەتەکانی قامەت هەمان سوننەتەکانی بانگە، لەگەڵ ئەم چەند خاڵەی تردا:

١- سوننەتە بانگبێژ و قامەت کار دانیشتووی ئەو شارە یاخود ئەو گەڕەکە بێت.

٢- دوعاکردن لە دوای بانگدان کە باشترین کاتە بۆ گیرابوونی دوعا، هەروەکو ئیمامی ترمذی (رحمه الله) بە ئیسنادێکی حەسەن گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((إِنَّ الدُّعَاءَ لاَيُرَدُّ بَيْنَ الْأَذَانِ وَالْإِقَامَةِ، فَادْعُوا))[١١٦]، واتە: ((بپاڕێنەوە، بێگومان دوعا(نزا) لە نێوان بانگ و قامەتدا ڕەد ناکرێتەوە)).

٣- سوننەتە بانگ و قامەتی لەلایەن یەك کەسەوە بوترێن، وە ئیمام لەپێشترە کە بە بڕیاری ئەو قامەت بکرێت، نابێت بانگبێژ قامەت بکات مەگەر بە ئاماژە یان سەیرکردنی یاخود هەستانی ئیمام نەبێت[١١٧].

*******

١١٦- أخرجه أحمد: (١٢٥٨٤)، الترمذي: (١٩٦)، (٢١٢)، وصححه الألباني من المعاصرين في صحيح الترمذي: (٢٨٤٣).

١١٧- الموسوعة الفقهية: ج١، ص٨٦.

# بەشی چوارەم

## ناوو ژیانی بانگبێژەکانی پێغەمبەر ﷺ و، تایبەتمەندی و هەندێك لە هەڵەی بانگبێژان:

سێ بابەت لەخۆ دەگرێت:

بابەتی یەکەم: تایبەتمەندیی بانگبێژان

بابەتی دووەم: ناوو ژیانی بانگبێژەکانی پێغەمبەر ﷺ

بابەتی سێیەم: هەندێك لە هەڵەی بانگبێژان

*******

# بابەتی یەکەم

## تایبەتمەندی بانگبێژان:

١- نییەت پاکی: نییەت گرنگترین شتێکە کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێك ئەویش دەبێت (بە دڵ بوترێت) واتە: شوێنەکەی دڵە نەك بە زمان (لفظ)، وە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَاتِ))[١١٨]، واتە: ((بە ڕاستی هەموو کارێك دەبێت نییەتی لەگەڵدا بێت))، بۆیە پێویستە بانگبێژ بەدڵ نییەتی هەبێت کە بانگ دەدات و، خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆخوا بەئیخلاصێکی تەواوەوە بانگ بدات نەوەك تووشتی ڕیا ببێت کاتێك لەلایەن هەندێك کەسەوە مەدحو وەصفی دەکرێت، چونکە ڕیا کردەوەی مرۆڤ دەسڕێتەوە و مایەپووچی دەکات لە دنیا و قیامەتدا.

٢- پاکیەتی لە کاتی بانگداندا: سوننەتە بانگبێژ دەستنوێژی هەبێت وە لەشگران و جلوبەرگ پیس نەبێت، بەڵام ئەگەر بانگی دا دەستنوێژی نەبوو ئەوە بانگەکەی تەواوە و هیچ کێشەیەکی نییە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەرﷺ لەهەموو کاتێکدا یادی خوای کردووە[١١٩].

٣- دەبێت زانیاری(عیلمی) هەبێت بە کاتەکانی بانگ: بۆ ئەوەی بانگەکە لە کاتی خۆیدا بێت و پێش و پاش بەکاتەکەی نەکرێت،

١١٨- أخرجه البخاري: (٢\١)، و مسلم: (٣\١٥١٥).

١١٩ – أخرجه مسلم: (٣٧٣)، وأبو داود: (١٨)، والترمذي: (٣٣٨١)، وإبن ماجه: (٣٠٢).

ئەگەر كەسی نابینا بانگ بدات بانگەكەی دروستە ئەگەر كەسێك هەبێت هەواڵی كاتەكەی پێ بدات كە كاتی بانگ هاتووە[١٢٠]، چونكە:
((كَانَ ابْنُ مَكْتُومٍ (وَهُوَ أَعْمَى) لاَيُؤَذِّنُ حَتَّى يُقَالُ لَهُ: أَصْبَحْتَ أَصْبَحْتَ))[١٢١]، واتە: ((ئیبن مەكتووم نابینا بوو بانگی نەدەدا هەتا پێی دەوترا "أَصْبَحْتَ أَصْبَحْتَ"، ڕۆژ بووەوە ڕۆژ بووەوە)) ئەوكات بانگی دەدا.

٤- دەبێت بانگبێژ دەنگی بەرز و بڵند بێت لە بانگ و قامەتیشدا.. وە دەنگی خۆش بێت هەروەكو چۆن پێشتریش باسمان لێوە كرد، وەكو فەرموودەكەی عبداللهی كوڕی زەید كە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:
((أَلْقِهِ عَلَى بِلَالٍ، فَإِنَّهُ أَنْدَى مِنْكَ صَوْتًا))[١٢٢] أَيْ: أَبْعَدُ[١٢٣]، واتە: ((بڕۆ بۆلای بیلال و فێری بكە با ئەو بانگەكە بڵێت، چونكە ئەو دەنگی لە تۆ بەرز و خۆشترە)) ، واتە: دەنگی دوورتر دەڕوات.

*******

١٢٠– فقه السنة وأدلته وتوضيح مذاهب الأئمة: ج١، ص٢٨١.
١٢١– أخرجه البخاري: (٥٨٥)، (٦١٧).
١٢٢– أخرجه البيهقي: (١٧٠٨)، (١\ ٣٩٩)، تخريجه ببرنامج: (جوامع الكلم)، صحيح
١٢٣– موسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة: ج١، ص٦٠٣.

## بابەتی دووەم

### ناوو ژیانی بانگبێژەكانی پێغەمبەرﷺ:

ئەوانیش چوار بانگبێژ بوون:

دووانیان بانگبێژی مەدینە بوون، وە یەك دانەیان بانگبێژی قوباء بوو، وە یەك دانەشیان بانگبێژی مەككە بوو:

١- بیلالی حەبەشی[١٢٤]: ناوی (بیلالی كوڕی ڕەباحی حەبەشییەرضي الله عنه)، گەنجێكی ڕەش پێست بوو، كاتێك موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند بێباوەڕان لەسەر خوا پەرستی ئەشكەنجەو ئازاریان دەدا، پاشان ئیمامی ئەبوبكر رضي الله عنه بەمەبلەغێك پارە كڕییەوەو ئازادی كرد، بیلالرضي الله عنه یەكێك بوو لەو حەوت كەسەی لەسەرەتاوە موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند، وە موژدەی بەهەشتی پێدراوە لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ ، وە بەشداری هەموو غەزاكانی كردووە، وە یەكەم بانگبێژی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە لە مەدینە، پاش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ چووەتە وڵاتی شام بۆ جیهاد كردن، لەساڵی (٢٠)كۆچی لە (دارەییا) وەفاتی كردووە، هەروەها(٤٤) فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوەتەوە.

---

١٢٤- سیر أعلام النبلاء: (١\ ٣٤٧-٣٦٠).

٢- ابن أم مکتوم[١٢٥]:لای مەدینەییەکان ناوی ( عبداللەی کوڕی أم مەکتومە)، بەڵام لای ئەهلی عێراق دەڵێن: (ناوی عەمری کوڕی أم مەکتومە)، دووەم بانگبێژی پێغەمبەر ﷺ بووە لەمەدینە وە نابیناش بووە، پێغەمبەر ﷺ لە(١٣) غەزادا کردویەتیە جێنشین لەمەدینە، بەشداری جەنگی قادسیەی کردووەو گەڕاوەتەوە بۆ مەدینەو لەوێ وەفاتی کردووە.

٣- ئەبو مەحذورە[١٢٦] : ناوی (ئەوسی کوڕی میعیەرەیە بە ئەبو مەحذورە ناسراوە)، لاوێکی دەنگخۆشی شاری مەککە بووە، هەر لەمەککە ماوەتەوە و کۆچی نەکردووە بۆ مەدینە، کاتێك پێغەمبەر ﷺ لە جەمگی حونەین دەگەڕێتەوە چاوی پێی دەکەوێت و گوێ بیستی دەنگی دەبێت، پاشان بانگی فێر دەکات و دەیکاتە بانگبێژی شاری مەککە، هەر لەشاری مەککە لەساڵی (٥٩) کۆچی وەفاتی کردووە.

٤- سەعدي قُرَظِيٍّ[١٢٧] : ناوی (عَبْدُ الرَّحْمَنِ کوڕی سَعْدِ کوڕی عَمَّارِ کوڕی سَعْدە، مەولای عەمماری کوڕی یاسر)ە، بانگبێژی مزگەوتی قوباو بووە لە مەدینە.

---

١٢٥- سير أعلام النبلاء: (١\ ٣٦٠-٣٦٥).

١٢٦- سير أعلام النبلاء: (٣/ ١١٧-١١٩.

١٢٧- البداية والنهاية ط الفكر: (٧\٣٢١).

• ئەبومحذورە کە بەتەڕجیع (واتە: گەڕانەوە سەر هەردوو شەهادەتەین) بانگی دەدا وە قامەتی دوو دوو دەکرد، وە بیلال بەبێ تەڕجیع بانگی دەدا وە قامەتی یەك یەك دەکرد، مەزهەبی ئیمامی شافعی (رحمه الله) وە ئەهلی مەککە شوێن بانگەکەی ئەبومحذورە و قامەتی بیلال کەوتوون، وە ئیمامی ئەبو حەنیفە (رحمه الله) و خەڵکی عێراق شوێن بانگی بیلال و قامەتی ئەبومحذورە کەوتوون، هەروەها ئیمامی أحمد (رحمه الله) و فەرموودەزانان و خەڵکی مەدینە شوێن بانگ و قامەتی بیلال کەوتوون، بەڵام ئیمامی مالیك (رحمه الله) پێچەوانەی ئەو دوو شێوازەیە کە بەدووبارەکردنەوەی تەکبیر وە دوو دوو وتنی قامەت کە دووبارەی ناکاتەوە[١٢٨]، والله أعلم.

## ژیانی هەندێك لەبانگبێژ و قورئان خوێنە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم[١٢٩]:

پێشتر باسی فەزڵ و گەورەیی بانگدانمان کرد لەئیسلامدا، وە بانگبێژانیش بەردەوام لەخزمەتی ئەم دینیەدا بوون و بەدەنگە خۆش و بانگە ڕەوانەکانیان خزمەتیان بەم دینەکردووە هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ هەتاکو ئێستاش، لەسەرەوە باسی ناوو ژیانی بانگبێژەکانی پێغەمبەرمان ﷺ کرد، ئێستاش باسی هەندێك لەو قورئان خوێنە بەناوبانگانەی ئەم

---

١٢٨- زاد المعاد في هدي خير العباد: ج١، ص١٢٠.

١٢٩- المصدر: البرنامج ويكيبيديا.

سەدانەی کۆتایی دەکەین کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی قورئان خوێن بوون لەهەمان کاتیشدا بانگێژیشیان کردووە و بە دەنگە خۆشەکانیان خزمەتیان کردووە.

## ١- القارئ شێخ مصطفی إسماعيل(رحمه‌الله):

ناوی(مصطفى إسماعيله)، شێخ مصطفى لە(١٧\یونیوی\١٩٠٥زاینی) لەگوندی (متین غزال) سەربەقەزای (طنطا) ی سەربە پارێزگای (الغربیه) ولأتی مصر لەدایك بووە، لەناو خانەوادەیەکی ئاین پەروەردا ژیاوە، تەمەنی لە(١٢) ساڵ تێپەڕی نەکردووە هەموو قورئانی لەبەرکردووە، (٣٠) سی جار هەموو قورئانی لەلای مامۆستاکەی ( شێخ إدریس فاخر) دووبارە کردووەتەوە، هەروەها (قیراَئاتی عەشەرەی) لای (شێخ إدریس فاخر) تەواو کردووە هێشتا تەمەنی (١٦)ساڵی تەواو نەکردووە، وەیەکەم کەس بووە تەسجیلی قورئانی کردووە بۆ کەناڵی مصریە، لە بەناوبانگترین قورئان خوێنەکانی ولأتانی ئیسلامی بووە، خزمەتێکی گەورەی بە قورئان و دینی ئیسلام کردووە، وە چەندین دەنگی تۆمارکراوی بانگ و قورئانیشی هەیە.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی لە(٢٦\دیسیمبەری\١٩٧٨ی زاینی) وەفاتی کردووە، وە لەڕۆژی یەك شەممەدا لە(٢٨\دیسیمبەری\١٩٧٨ی زاینی) لەناو مزگەوتەکەی خۆیدا کەخانوەکەشی لەناو مزگەوتەکەدا بوو بەخاك

سپێردرا لەو گوندەی كە لێی لەدایك بووە، خوای پەروەردگار لەویش و ئێمەش خۆش بێت.

### ٢- القارئ شێخ محمد صدیق مەنشاوی(رحمه‌الله):

ناوی تەواوی(محمد صدیق تایب مەنشاوییە)، شێخ محمد لە(٢٠\ یەنایەری ساڵی ١٩٢٠زاینی) لەگوندی (البواریك) سەربەقەزای (المنشاة) سەر بەپارێزگای (سوهاج) وڵاتی مصر لەدایك بووە، لەتەمەنی(٨)ساڵیدا هەموو قورئانی لەبەركردووە، لەناو خێزانێكی ئاین پەروەردا ژیاوە، هەروەها شێخ صدیقی باوكی و شێخ تایبی باپیری وە شێخ محمودی برایشی كەلەم كۆتاییانەدا وەفاتی كرد قورئان خوێن بوون، شێخ محمد لە بەناوبانگترین قورئان خوێنەكانی وڵاتانی ئیسلامی بووە، خزمەتێكی گەورەی بە قورئان و دینی ئیسلام كردووە، وە چەندین دەنگی تۆماركراوی بانگ و قورئانیشی هەیە.

لەساڵی (١٩٦٦) زاینیدا توشی نەخۆشی بوو، وە لە ڕۆژی هەینیدا لە(٢٠\یونیوی\١٩٦٩ی زاینیدا) وەفاتی كردووە، خوای پەروەردگار لەویش و ئێمەش خۆش بێت.

### ٣- القارئ شێخ عبد الباسط عبد الصمد(رحمه الله):

ناوی تەواوی(ئەبو طارق عبد الباسط محمد عبد الصمد)ە ، شێخ عبد الباسط لە ساڵی(١٩٢٧ زاینی) لەگوندی (المراعزة) سەربەقەزای (أرمنت) سەربە پارێزگای (قنا) لەوڵاتی مصر لەدایك بووە، شێخ عبد الباسط بەئەسڵ کوردە وە شێخ عبد الصمدی باپیری لە کوردستانی عێراق ژیاوە دواتر کۆچی کردووە بۆ وڵاتی مصر لەوێ نیشتەجێ بووە، کاتێك شێخ عبد الباسط تەمەنی گەیشتوەتە(٦)ساڵان لەگەڵ هەردوو براگەورەکەیدا (مەحمود و عبدالحمید) دەستیکردوە بە لەبەرکردنی قورئان لەلای (شێخ ئەمیر) لەگوندەکەی خۆیاندا، تەمەنی نەگەشتوەتە (١٠)ساڵان هەموو قورئانی لەبەرکردووە، وە لەماڵەکەی خۆیاندا زانستە شەرعیەکانیان خوێندووە" چونکە شێخ عبد الصمدی باپیری هەموو قورئانی لەبەر بووە و تەجویدێکی باشیشی زانیوە، دواتر شێخ عبد الباسط دەستی کردووە بە دەرس ووتنەوەی قورئان و خولی فێربوونی قورئانی کردووەتەوە لەناو مصردا و قوتابخانەی تایبەت بە خۆی هەبووە، لە بەناوبانگترین قورئان خوێنەکانی وڵاتانی ئیسلامی و بەتایبەت وڵاتی مصر بووە، لەڕێگەی دەنگیەوە خزمەتێکی گەورەی بە قورئان و دینی ئیسلام کردووە و چەندین کەسیش بۆهۆی دەنگیەوە موسوڵمان بوون، وە چەندین دەنگی تۆمارکراوی و بانگ و قورئانیشی تۆمارکراوە بەچەندین شێوازی

جیاواز، وە تائێستاش دەنگە خۆش و زێڕینەکەی بەتۆمارکراوی ماوەتەوە و خەڵکی سوودی لێ وەردەگرن، هەتا زۆرێك لە بانگبێژان تەقلیدی دەنگی دەکەنەوە لەبانگداندا.

لە ڕۆژی چوارشەممە لە بەرواری(٣٠\ کانونی یەکەمی\١٩٨٨زایینی) شێخ عبد الباسط بەهۆی نەخۆشیەوە لەجگەریدا وەفاتی کردو گەڕایەوە بەربارەگای خوای پەروەردگار، وەفاتی شێخ عبد الباسط بووە برینێکی سەخت و بەئازار لەسەر دڵی موسوڵمانان، خوای پەروەردگار لەویش و ئێمەش خۆش بێت.

- وە لەم سەردەمەی ئێستاشماندا چەندین بانگبێژی دەنگ خۆش و بەتوانامان هەیە لەوڵاتانی ئیسلامیدا و هەروەها لەکوردستانی عێراقیشدا دەنگیان دەبیسترێت و بانگبێژی دەکەن و خزمەت بەم دینە پاك و پیرۆزە دەکەن و خەڵکی فێری چۆنیەتی بانگدان دەکەن، خوای پەروەردگار دڵ و دەرونی بانگبێژەکانمان پاك بکاتەوە بۆخزمەتی ئەم دینە پاك و ڕاستە، ئامین.

*******

## بابەتی سێیەم

### هەندێك لە هەڵەی بانگبێژان:

هەندێك لەبانگبێژان دەکەونە هەڵەوە هەروەها هەندێکیان سەرپێچی دەکەن لە بانگەکانیاندا بەزیاد و کەمکردن لە بانگدا بەهۆی نەزانین و نەخوێندەوارییانەوە و، هەندێك جار بەهۆی ئیجتیهادکردن بەبێ عیلم بەهیوای ئەوەی پاداشتی زیاتر وەرگرن ئەنجامیان داوە، وە هەندێك لەو هەڵانە تازەن و لەم کۆتاییانەدا داهێنراون و، هەندێکی تریان هەر لەکۆنەوە ئەنجام دراون، ئەم هەڵانەش بەهۆی نەخوێنەوارییەوە ئەنجام دادرێن.

### لەو هەڵانەش کە بانگبێژان ئەنجامی دەدەن:

١- زۆر درێژکردنەوەی بانگەکە وەکو گۆرانی وتن.

شێخ عەلی محفوظ (رحمه الله) لەکتێبەکەیدا بەناوی (الْإِبْدَاعُ فِي مَضارِّ الْاِبْتِدَاعِ)[١٣٠] وتوویەتی: "لەو بیدعە مەکرووهانەش کەدانراوە، ئاوازدانانە کە بانگەکە وەکو گۆرانی وتنی لێ دێت و، وا دەکات چۆنییەتیی وشەکانی بانگەکە بگۆڕێت بە جووڵەی زیادە و وەستانی نادروست کەموکوڕی لەپیتەکانی بانگدا دروست دەکات بۆ ئەوەی ئاوازی بانگەکە تێك نەچێت و پارێزگاری لەئاوازی بانگەکە بکات".

---

١٣٠- الإبداع : ص١٧٦.

وە ئیمامی بوخاری(رحمه الله)[١٣١] ئەوەی خستوەتە ڕوو کە: "عومەری کوڕی عبدالعزیز(رحمه الله) بە بانگبێژێکی وت: یان بانگدانێکی ئاسان بانگ بدە، یان بانگ مەدە، وە ئیبن حجر(رحمه الله) وتوویەتی: ئەوەی ئاشکرایە لەم قسەیەدا ئەوەیە کە ترساوە لەوەی ئاواز بخاتە ناو بانگەکەیەوە و خشوعی نەمێنێت).

وە شێخ عبدالله جبرین (رحمه الله)[١٣٢] وتوویەتی: (تطریب و تلحین و بریتییە لەدەنگ تیژکردن و دووبارەبوونەوەی دەنگ و پچڕانی دەنگ، هەتا هەندێك جار بەهۆی زۆری ئاواز و دەنگەکەوە بانگەکەی وەکو گۆرانی لێ دێت، ئەمەش مەکرووهە، ڕاستە دەنگ خۆشی داواکراوە بۆ بانگدان لەئیسلامدا بەڵام نابێت بگاتە ڕادەی ئەوەی لەعادەت و شێوازی بانگ دەربچێت).

وە هەندێك لەبانگبێژان ئەوەندە گرنگی بەئاوازی بانگەکانیان دەدەن هەتا وای لێ دێت ئاگایان لەمانا و چۆنییەتی بانگەکە نامێنێت، یان هەندێك کات ئاوازێکی خۆش بەکاردێنێت وە دەستخۆشی لێ دەکرێت و دەوترێت چەند دەنگی خۆشە، یان بەهەر شێوازێکی تر؛ ئەوەندەی تر بیری دەچێتە لای ئاوازەکە تا خۆشتری بکات، وە بانگیش بۆ ئەوەنییە بەڵکو بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکیە بۆ هاتن و ئامادە بوون بۆ نوێژە فەرزەکان.

---

١٣١- فتح الباري: (٢ / ٨٧ – ٨٨).

١٣٢- من سؤال وجه إليه في درس من دروس شبرا: (ربيع الآخر ١٤١٤هـ) .

## ٢- هەڵەی زمانەوانی لە بانگدا:

ئەم جۆرە هەڵەیەش بریتیە لەو هەڵانەی بانگبێژان دەیکەن کە گۆڕانکارییە لەوتنی وشەکانی بانگدا، کە بەوتنی پیتێك لەبری پیتێکی تر، یان درێژکردنەوەیەك کە لەبنەڕەتدا ئەو شوێنە شوێنی درێژکردنەوە نییە، یاخود زیادەڕەوی لە درێژکردنەوەدا لەشوێنی دریژکردنەوەی ئاسایی، لەو هەڵانەشی دەیانبیستین:

أ- درێژکردنەوەی هەمزەی (الله) کە بەو درێژکردنەوەیە دەگۆڕێت بۆ ڕستەی پرسیاری وەکو وایە بڵێی (هَلِ اللهُ أَكْبَرُ؟) ئایا خودا گەورەیە؟ ئەمەش هەڵەیە و نابێت بەو شێوەیە بوترێت.

ب- درێژکردنەوەی پیتی (باء) لە وشەی (أَكْبَر) کە دەوترێت (أَكْبَار) لە بنەڕەتدا (أَكْبَر) صیغەی (أفعل التفضيلة) واتای ئەوەیە کە (خوا لە هەموو شتێك گەورەترە)، گەر بکرێت بە (باڕ) کە بەمانای دەهۆڵ و تەپڵ دێت، بەمەش ماناکەی دەگۆڕێت.

ج- درێژکردنەوەی هەمزەی (أَشْهَدُ) کە دەوترێت (آشْهَدُ) بەو شێوەیەش ڕستەکە دەگۆڕێت بۆ ڕستەیەکی پرسیاری وەك وایە بڵێ (أَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ؟) واتە: "شایەتی بدەم کە خوا تاکو تەنهایە؟"، ئەمەش دروست نییە لە بانگدا.

د- درێژکردنەوەی ضەممە(بۆر)ی (أَشْهَدُ) کە دەکرێت بە(أَشْهَدُوا) گەر بەم شێوەیەش بکرێت ماناکەی تێك دەچێت و ڕستەکە لە هەواڵدانەوە دەگۆڕێت بۆ فەرمانێکی ڕابردوو.

هـ- شەددەدارکردنی نوونی (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَه إِلَا الله) دەکرێت بە (أَشْهَدُ أَنَّ لَا إِلَهَ إِلَا الله) کە لە بنەڕەتدا خۆی سکووندارە ئەو نوونە (أنْ) بەم شێوەیەیە.

و- فەتحەدارکردنی (لام) لە ڕستەی (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَّسُولُ الله) لەکاتێکدا خۆی (ضەممەیە) و (رَسُولُ) دەبێتە خەبەری (أَنَّ) بەو شێوەیەش ماناکەی تێك دەچێت، ئەم هەڵەیەش لەلایەن زۆرێك لە بانگبێژانەوە دەکرێت بە هۆی نەخوێنەوارییەوە.

ز- نەوتنی (هاء)ی وشەی (أَشْهَدُ) دەوترێت (أَشَدُ) ئەمەش بەهەمان شێوە هەڵەیە.

ح- تەنوین و ضەممەدارکردنی (دال) لە وشەی (مُحَمَّدًا) دا کە دەوترێت (مُحَمَّدٌ) ئەمەش هەڵەیەکی ترە.

گ- نەوتنی (الْحَاء) لە وشەی (الْفَلَاح) دا دەوترێت (الْفَلَا) دووبارە ئەمەش هەڵەیە.

ی- گۆڕینی (کاف) بە (گاف) لە وشەی (أَكْبَر) دا ئەمەش هەڵەیە.

ك- دەرنەخستنی (الْهَاء) لە وشەی (الله)دا و دەمجکردنی بە (واو) ئەوکات ڕستەکە دەبێتە (الْلَّاوْ أَكْبَرُ).

ل- گۆڕینی (هاء)ی (لَاإِلَهَ إِلَّا الله) بۆ (لَاإِلَهَا إِلَّا الله)، ئەمەش بەهەمان شێوە هەڵەیەکی ترە.

٣- سەرنج نەدانی بانگبێژان لەکاتی بانگداندا بۆیە هەندێك کات لە کاتی دیاریکراوی خۆی زوتر یان درەنگتر بانگ دەدات، بەتایبەتی لەمانگی ڕەمەزاندا.

٤- زیادەی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ و دوعاکردن بۆ هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەلایەن بانگبێژانەوە لە دوای بانگ بە دەنگی بەرز.

٥- زیادەی وشەی (أَشْهَدُ أَنَّ عَلِيًّا وَلِيُّ الله).

ئەم ڕستەیە لەلایەن شیعەکانەوە زیاد دەکرێت بۆ بانگ، وە هیچ ئەسڵێکی نیە.

شێخ عبداللە جبرین (رحمە الله) وتوویەتی: وتنی ئەم ڕستەیە لە بانگدا دەبێتە هۆی بەتاڵبوونەوەی بانگەکە، چونکە زیادەیەکە لە بانگدا نەبووە و نییە ئەمەش دەبێتە داهێنان و دەرچوونە لە دین.

٦- هەندێك لە بانگبێژان بەهۆی نەزانین و نەخوێندەوارییەوە کاتێك بێ دەستنوێژیەکی بچووك ڕوودەدات لێیان لەکاتی بانگدا، بانگەکە

دەبڕن و مایکەکە بەجێ دەهێڵن لەکاتێکدا بانگ بەڕووداوی بچووك یان بێ دەستنوێژیی بچووك بەتاڵ نابێتەوە و بانگەکە تەواوە و پێویستە تەواو بکرێت.

*******

# بەشی پێنجەم

## حوكمی بانگ و قامەت بۆ هەردوو جەژنەكە و، جەمعی نێوان دوو نوێژ و، پارەوەرگرتن لەسەر بانگدان:

شەش بابەت لەخۆ دەگرێت:

بابەتی یەكەم: حوكمی بانگ و قامەت بۆ هەردوو جەژنەكە

بابەتی دووەم: بانگ و قامەت بۆ جەمع كردن (كۆكردنەوەی) دوو نوێژ

بابەتی سێیەم: پارەوەرگرتن لە سەر بانگدان

بابەتی چوارەم: چوونەدەرەوە لە مزگەوت دوای بانگ

بابەتی پێنجەم: بانگی یەكەم بۆ نوێژی جومعە

بابەتی شەشەم: بانگدان و قامەت كردن بەگوێی منداڵدا

*******

# بابەتی یەكەم

## حوكمی بانگ و قامەت بۆ هەردوو جەژنەكە:

عادل بن یوسف العزازی (رحمه الله) وتوویەتی[١٣٣]: لە صەحیحی بوخاری و موسلیم دا سابت بووە لە ئیبن عباس و جابرەوە (رضي الله عنهما) كە وتوویانە: (( لَمْ يَكُنْ يُؤَذَّنُ يَوْمُ الْفِطْرِ وَلَا يَوْمُ الْأَضْحَى))[١٣٤]، واتە: ((بانگ نەدراوە بۆ هیچ كام لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان)).

لە ڕیوایەتێكی ئیمامی موسلیم دا هاتووە كە عطاء (رحمه الله) وتوویەتی: جابر رضي الله عنه هەواڵی پێ دام كە: ((أَنْ لَّا أَذَانَ لِصَلاَةِ يَوْمِ الْفِطْرِ حِينَ يَخْرُجُ الإِمَامُ، وَلَا بَعْدَ مَا يَخْرُجُ وَلَا إِقَامَةَ وَلَانِدَاءَ وَلَاشَيءٌ، لَا نِداءُ يَوْمَئِذٍ وَلَا إِقَامَةٍ))أخرجه مسلم، واتە: ((بانگدان نییە بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان كاتێك ئیمام دەچێتە دەرەوە و دوای چوونەدەرەوەشی نەقامەت و نە بانگەواز و نەهیچ شتێكی تریش نییە، لەوكاتەدا بانگ و قامەت نییە)).

ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر نەبوونی بانگ و قامەت لە هەردوو جەژنەكەدا.

---

١٣٣- تمام المنة في فقه الكتاب وصحيح السنة: ج١، ص٤٢.

١٣٤- أخرجه البخاري: (٩٦٠)، ومسلم: (٨٨٦).

هەروەها ئیبن قەیم (رحمه الله) [١٣٥] وتوویەتی: "کاتێك پێغەمبەرﷺ لە نوێژ تەواو بوایە بەبێ بانگ و قامەت نوێژەکەی دەکرد، هەروەها ڕستەی (الصَّلَاةُ جَامِعَةٌ) نەدەوترا، وە سوننەتە هیچ کامیان نەوترێن).

*******

## بابەتی دووەم

### بانگ و قامەت بۆ جەمع کردن(کۆکردنەوە)ی دوو نوێژ [١٣٦]:

لەسەر ڕای بەهێزی هەریەك لە (مالکییەکان و شافعییەکان و حەنبەلییەکان(رحمهم الله)) لەکاتی کۆکردنەوەی نوێژدا لەسەفەردا بێت یاخود لەشوێنی نیشتەجێ بووندا قامەتکردن بۆ هەریەك لە دوو نوێژەکە سوننەتە، بەڵام بۆ بانگدان ڕاجیاییان هەیە، وە بەهێزترینیان ڕای شافعییەکان و حەنبەلییەکان و ئیبن حەزمە کەدەڵێن: تەنها یەك بانگ دەدرێت جا

١٣٥– زاد المعاد: (١ | ٤٤٢).

١٣٦– الإشراف على مذهب العلماء لابن منذر: (٣\٣١٠)، أحكام الأذان والإقامة: ص٣٢٦–٣٢٧، الموسوعة الفقهية الكويتية: (٢\٣٧٠).

کۆکردنەوە و پێشخستن (جمع التقديم) بێت یاخود کۆکردنەوەو دواخستن (جمع التأخير) بێت جیاوازی نیە.

وە لەبەڵگەکانیشیان:

" جابری کوڕی عبداللهﷺ لە حەجی ئیسلامدا وتوویەتی: پێغەمبەر ﷺ ڕۆشت بۆ شوێنی وتاردانەکەی لەعەرەفە، وتاری یەکەمی بۆ خەڵکی دا پاشان بیلال بانگی دا، دواتر پێغەمبەر ﷺ وتاری دووەمی دا و تەواوبوو لە وتاردان، پاشان بیلال قامەتی کرد و نوێژی نیوەڕۆیان کرد، پاشان بیلال قامەتی کردەوە و نوێژی عەسریان کرد[١٣٧]".

وە ئەبو سعیدی خودریﷺ وتوویەتی: لەڕۆژی خەندەقدا لێپرسینەوەمان لەگەڵ کرا دەربارەی نوێژ هەتا دوای مەغریب کە هەوای توندی شەو لێی دەداین هەتا تەواو بووین، ئەم ئایەتەش دابەزی لەو بارەیەوە خوای پەروەردگار فەرمووی: ﴿ وَكَفَى ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلْقِتَالَ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا ﴿٢٥﴾ ﴾ [الأحزاب: ٢٥]، واتە: ﴿خوا ئیماندارانی پاراست لە جەنگ (بەهۆی بای توند و فریشتەوە کافرانی پرژ و بڵاو کرد) وە خوا هەمیشە بەهێزی بەدەسەڵاتە﴾.

١٣٧- أخرجه مسلم: (٢٩٤١).

پاشان پێغەمبەرﷺ بیلالی بانگ کرد و فەرمانی پێ کرد قامەت بکات، بیلال قامەتی کرد پاشان نوێژی نیوەڕۆی بە جوانترین شێوە بۆ کردین، دواتر بیلال قامەتی کردەوە و پێغەمبەرﷺ نوێژی عەسری بۆ کردین، پاشان کاتی مەغریب هات بیلال قامەتی کرد و پێغەمبەر ﷺ نوێژی مەغریبی بۆ کردین پاشان بیلال قامەتی کردەوەو پێغەمبەر ﷺ نوێژی عیشای بۆ کردین، ئەمە پێش ئەوەی ئەم ئایەتە دابەزێت دەربارەی نوێژی ترس(صَلَاةُ الْخَوْفِ): ﴿فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا﴾ [البقرة: ٢٣٩]، واتە: ﴿ئەگەر ترسان (نوێژ بکەن) بە پیادە یان بەسواری﴾.

ئیمامی شافعی (رحمه الله) [١٣٨] وتوویەتی: "ئێمەش ئەو قەولە وەردەگرین و کاری پێ دەکەین(واتە ئەوەی کە دەبێت یەك بانگ و دوو قامەت بکرێت)، وە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە کاتی کۆکردنەوەی دوو نوێژدا بانگ و قامەت بۆنوێژی یەکەم دەوترێن، بەڵام بۆ نوێژی دووەم بەس قامەت دەکرێت و بانگی بۆ نادرێت، هەروەها ئەگەر نوێژ لەکاتی خۆیدا نەکرا ئەوا بەهەمان شێواز دەکرێت کە باسمان کرد".

*******

١٣٨- الأم للشافعي: ج١، ص١٠٦.

# بابەتی سێیەم

## پارە وەرگرتن لەسەر بانگدان:

عوسمانی کوڕی أبي العاص ﷺ وتویەتی: (( آخِرُ مَاعَهِدَ إِلَيَّ رَسُولُ اللّٰهِ ﷺ أَنْ أَتَّخِذَ مُؤَذِّنًا لاَ يَأْخُذُ عَلَى أَذَانِهِ أَجْرًا))[١٣٩]، واتە: ((کۆتا شت کە پێم گەیشت لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەوە بوو کە بانگبێژێکم گرتەخۆم کرێ وەرنەگرێ لەسەر بانگ دانەکەی)).

ئیمامی شافعی (رحمه‌الله)[١٤٠] وتویەتی: "پێم خۆشە بانگبێژان خۆبەخش بن و کرێ وەرنەگرن".

هەروەها ئیمامی مالیك (رحمه‌الله) وتویەتی: "کێشەی تیا نییە کرێ وەربگیرێ لەسەر بانگدان".

هەروەها ئیمامی نەوەوی (رحمه‌الله)[١٤١] وتویەتی: "هاوەڵانمان ووتویانە: ئەگەر کەسێکی دەنگخۆش هەبوو بۆ بانگ و داوای کرێی

---

١٣٩– أخرجه الترمذي بسند صحيح: (٢٠٩)، وابن ماجه: (٧١٤)، ولفظ النسائي وأبي داود قال موسى بن إسماعيل: ((إنَّ عُثْمَانَ بنَ أَبِي العَاص قال: يَارَسُولَ اللّٰهِ ﷺ أَجَعَلْنِي إمَامَ قَومِي؟ قَالَ: أَنْتَ إِمَامُهُمْ وَاقْتَدِ بِأَضْعَفِهِمْ وَاتَّخِذْ مُؤَذِّنَاً لاَ يَأْخُذُ عَلَى أَذنِهِ أَجْرَاً))، واتە: ((عوسمانی کوڕی أبی العاص ووتویەتی ئەی پێغەمبەر ﷺ دەتوانم ببمە ئیمام بۆ قەومەکەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ببە بەئیمام بۆیان بەس ئاگاداری ئەوە ببە کە کەسانی پیر و لاواز لە دواتەوە نوێژ دەکەن، وە بانگبێژێك بگرە کە کرێ وەرنەگرێ لەسەر بانگدانەکەی))، وصححه الألباني من المعاصرين في الثمر المستطاب: ص١٤٦.

١٤٠– الأم: (٢ | ٦٤).

کرد لەبری بانگەکەی وە کەسێکی دەنگ ناخۆش هەبوو بانگ بدات وە داوای کرێی نەدەکرد (خۆبەخش بوو) ئەوە کامیان وەربگرین و بانگبدات؟

ئەمە دوو وەڵام لە خۆ دەگرێت: وە ڕاستترینەکەیان ئەوەیە کە دەنگ خۆشەکە بانگ بدات و کرێی بدرێتێ، ئەمە وتەی ابن شُرەیحیشە، والله أعلم".

**هەروەها لە زانایانی سەردەم شێخ ئیبن باز(رحمەالله) وتوویەتی[١٤٢]:**

(زانایان ئەوەیان دەرخستوە کە ئەوکەسەی(بانگبێژ)ەی لە(بيت المال) پارەی پێ دەدرێت کە پێویستی پێی بێت ئەوە کێشەیەکی تێدا نییە" لەبەرئەوەی(بيت المال) بۆ سوودی موسوڵمانانە، هەروەها وەزارەتی ئەوقاف ئەو پارەیەی تەرخانی دەکات بۆ بانگبێژان و پێش نوێژان ئەوە کێشە نیە وەری بگرن کە یارمەتی دەریان بێت بۆ کاری خێر، وە ئەگەر ئەو پارەت وەرگرت(ئەی ئەو کەسەی کە پرسیار دەکەی) لە(بيت المال) لەوەزارەتی ئەوقاف کەیارمەتی دەرتە ئەوە هیچ کێشەیەکی تێدا نیە وەری بگریت وە داواکارین لەخوا پاداشتی تەواو وەرگریت لەسەر ئەو کارە خێرەت، چونکە تۆ پارەیەك وەردەگریت کەیارمەتیت دەدات لەسەر بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکەو

---

١٤١- شرح صحيح مسلم: (٣٨٥).

١٤٢- فتاوى نور على الدرب: (٢/ ٢٩٧ - ٢٩٩) موقع ابن باز.

ئەو کارە چاکە، لەوانەیە ئەگەر ئەوپارە وەرنەگریت واز لەوکارە چاکەیە بێنیت بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیانت ئەوەش لەوکارە خێرە دوورت دەخاتەوە).

*******

## بابەتی چوارەم

### چوونە دەرەوە لە مزگەوت لە دوای بانگ:

ئەو فەرموودەیەی کە لە أبو شَعْثاءَوە(رحمە الله) وتویەتی: (( كُنَّا قُعُودًا فِي الْمَسْجِدِ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ فَأَذَّنَ فَقَامَ رَجُلٌ مِنَ الْمَسْجِدِ يَمْشِي فَأَتْبَعَهُ بَصَرُهُ حَتَّى خَرَجَ مِنَ الْمَسْجِدِ فَقَالَ أَبُوهُرَيْرَةَ رضي الله عنه: أَمَّا هَذا فَقَدْ عَصَى أَبَا الْقَاسِمِ ﷺ))[١٤٣]، واتە: ((لەگەڵ ئەبوهەریرە رضي الله عنه دانیشتبووین بانگیدا پیاوێك هەستاو ڕۆیشتەدەر لە مزگەوت ئەبوهەریرە وتی: ئەو پیاوە بێ فەرمانی أبو القاسم (واتە پێغەمبەر ﷺ)ی کرد)).

١٤٣- أخرجه مسلم: (١٤٨٧)، وصحيح ابن ماجه: (٥٣٢).

ئیمامی نەوەوی(رحمه‌الله)[١٤٤] وتویەتی: (مەكروهە كەسێك بچێتەدەر لە لە مزگەوت لە دوای بانگ هەتا نوێژە فەرزەكەی تەواو دەبێت، مەگەر عوزرێكی شەرعی هەبێت)، والله أعلم.

فەموودەناسانی پێشوو(متقدمین) وەكو ئیمامی بوخاری و تیرمزی وە لەهەمان كاتدا زانایانی فیقهیش قوڵایی دەقی فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ یان ڕوون كردوەتەوە وە ناونیشانێكیان بۆ داناوە كە لەفەرموودەكانەوە وەریان گرتووە، هەروەها ئیمامی تیرمزیش ناونیشانێكی بۆ داناوە دەربارەی ئەوەی هاتووە لەسەر (كەراهەتی دەرچوون لەمزگەوت لەدوای بانگ)، پاشان ئیمامی تیرمزی وتەكەی ئەبو هورەیرەی باسكردوە كە بەوە دەستی پێكردووە لەباسی نەهیكردن لەچوونەدەرەوە لەمزگەوت دوای بیستنی بانگ، پاشان (ئیمامی المباركفوری) لەشەرحەكەیدا قسەی لەسەر كردووە وتوویەتی: ئیمامی ئەحمەد لەفەرموودەی ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی كردووە وە ئەمەشی بۆ زیاد كردووە كە ئەبو هورەیرە وتویەتی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إِذَا كُنْتُمْ فِي المَسْجِدِ فَنُودِيَ لِلصَّلَاةِ فَلَا يَخْرُجْ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُصَلِّيَ))[١٤٥]، واتە: ((ئەگەر لەمزگەوتدا بوون و بانگ درا بۆ نوێژ دەرمەچن لەمزگەوت هەتا نوێژەكەتان بەجەماعەت ئەنجام دەدەن))، ئەم فەرموودەیە

١٤٤- شرح مسلم: ج٥، ص١٥٩.

١٤٥- أخرجه أحمد: (١٠٧١٧)، (١٠٥٥٠).

بەڵگەیە لەسەر نادروستیەتی چوونە دەرەوە لەمزگەوت لەدوای بانگ، بەڵام پەیوەست نەكراوە بەوكەسەی عوزری هەبێت، وە ئەو فەرموودەی ئەبو هورەیرە دەكرێتە بەڵگە بۆ كەسێك عوزری هەبێت وەك وتویەتی: ((پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوت دەرچوو لەكاتێكدا قامەت كرابوو وە ریزەكانی نوێژ رێك كرابوو چاوەرێیمان كرد دەست بكات بە نوێژ (واتە الله أكبرى نوێژ دابەستێ بكات) پاشان پشتی هەڵكردو فەرمووی: لەشوێنی خۆتان بن ئێمەش چۆن وەستا بووین بەو شێوەیەماینەوە كەگەڕایەوە بۆلامان سەری ئاوی لێدەچۆڕا خۆی شۆردبوو)). ئیمامی بوخاری و غەیری ئەویش ریوایەتیان كردووە، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فەرموودەكەی پێشتر كە باسمانكرد كەسانێك ناگرێتەوە كەحاڵەتی ناچاریان هەبێت وەكو (لەشگرانی و خوێنی لووت بەربوون و پێشهاتەی كتوپڕ و میزەچركێ......هاوشێوەی ئەمانە))[١٤٦].

هەروەها ئیمامی تیرمذي (رحمه‌الله)[١٤٧] وتویەتی: "لەسەر ئەم كارە لای زانایان لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ وە دوای ئەوانیش: نابێت كەس بچێتە دەرەوە لە مزگەوت دوای بانگ مەگەر عوزری هەبێت، وەك دەستنوێژی نەبێت یان كارێكی زۆر پێویست كە ئەگەر ئەم نەچێت نابێت".

*******

١٤٦- تحفة الأحوذي: ص ٥١٨.

١٤٧- جامع الترمذي: (٢٠٤).

# بابەتی پێنجەم

## بانگی یەکەم بۆ نوێژی هەینی (جومعە):

لەهەندێك لەڕیوایەتەکاندا هاتووە کە بانگی یەکەم سوننەتێکە ئیمامی عوسمان لەکاتی خەلافەتەکەیدا پەیڕەوی کردووە کاتێك کە خەڵکی زیادی کردو ماڵەکان لەمزگەوت دوورکەوتنەوە وە بەم شێوەیەش بوو بەسوننەت، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ئەم قسەیە وتەی شێخ ئیبن باز(رحمه‌الله) دەخەینەڕوو هەروەك چۆن لە فەتوای لیژنە هەمیشیەکان بۆ توێژینەوەو فەتواداندا هاتووە، سابت لەپێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: ((عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ مِنْ بَعْدِي، تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ))[١٤٨]، واتە: ((شوێن سوننەتەکانی من و خەلیفە ڕاشیدینەکانی دوای من بکەون و دەستی پێوە بگرن وە بەددانەکانتان بەتوندی بیگرن))...

بانگی نوێژی هەینی لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکرو عومەردا(رضي الله عنهما) سەرەتاکەی ئەو کاتەبووە کە ئیمام لەسەر میمبەرەکەی دادەنیشت، بەڵام کاتێك ئیمامی عوسمان رضي الله عنه خەلافەتی گرتەدەست خەڵك زیادی کرد، ئیمامی عوسمان رضي الله عنه فەرمانی کرد کە بانگی یەکەم بدرێت – ئێستەش ئەگەر

١٤٨– أخرجه الترمذي: (٢٦٧٩)، و من المعاصرين الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: رقم(٣٧).

ئەو بانگی یەکەمە بدرێت نابێتەداهێنراو" چوونکە شوێنکەوتنی سوونەتی خەلیفەی ڕاشیدیە.

وە لەئەسڵدا ئەوەی کە ئیمامی بوخاری و نەسائی و تیرمزی و ئیبن و ماجە ئەبو داود گێڕاویانەتەوە لەئیبن شیهابەوە کە وتوویەتی: سائیبی کوڕی یەزید پێی وتم، بانگی نوێژی هەینی لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ و ئەبو بەکر و عومەردا(رضي الله عنهما) سەرەتاکەی ئەوکاتەبووە کە ئیمام لەسەر میمبەرەکەی دادەنیشێت، بەڵام کاتێك ئیمامی عوسمان رضي الله عنه خەلافەتی گرتەدەست و خەڵك زۆر بوون فەرمانی بەبانگی سێیەم کرد کە لە(زَوراء)[١٤٩] بانگ دەدرا، وە ئەوکارە بەوشێوازە جێگیربوو، وە ئەوکارە بۆ ئەوەبوو کاتێك موسوڵمانان زۆربون ئیمامی عوسمان رضي الله عنه ئیجتیهادی لەوکارەداکرد، وە هەموو هاوەڵان هاوڕای ئەوەبوون بەوەی بێدەنگ بوون و ڕێگرییان لێ نەکرد، پاشان بوو بە کۆدەنگی(ئیجماعی سکوتی).

پوختەی قسەکە: واللە أعلم ئەم کارە لای زانایان فراوانە، هەرکەسێك یەك بانگی دا ئەوە شوێن سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و ئەبو بەکرو عومەر(رضي الله عنهما) کەوتووە، وە هەرکەسێك دوو بانگی دا ئەوە شوێن سوننەتێك کەوتووە کەخەلیفەی ڕاشیدی ئیمامی عوسمان رضي الله عنه وە ئەوانەی هاوڕای بوون

---

١٤٩- زوراء: بازارێک بووە لەمەدینە.

لەکۆدەنگی هاوەڵان لە موهاجیرین و ئەنسار لەسەردەمی خۆیدا لەپێش هەمووشیانەوە خەلیفە علی کوڕی ئەبو تالیب و عبدالرحمانی کوڕی عەوف وتەڵحە(رضي الله عنهم)، بەو جۆرە بووە ئیجماعی سکوتی، والله أعلم.

*******

## بابەتی شەشەم

### بانگدان و قامەت کردن بەگوێی منداڵدا:

حەوتم یان (هۆزەبانە، گوێزەبانە، عەقیقە) سوننەتێکی گەورەی ئاینی ئیسلامە، وە پێغەمبەر ﷺ جەختی لەسەر ئەنجامدانی کردوەتەوە، بەڵام ئێستا لای زۆرێك لەخەڵکی فەرامۆش کراوە، لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ لەتەمەنی(٤٠)ساڵیدا خۆی بۆ خۆیی کردووە، جا (بۆ کوڕ دوو مەڕ و بۆ کچ یەك مەڕسەر دەبڕدرێت) لەڕۆژی (حەوتەم یان چواردەهەم یاخود بیست و یەك هەمدا)، ئەگەر عوزری هەبوو نەیتوانی لەو سێ کاتە دا ئەنجامی بدات ئەوە دەتوانێت لەهەرکاتێکی تردا ئەنجامی بدات، کاتێك منداڵ لەدایك دەبێت

ناوێکی شەرعی بۆ دادەنرێت و هەر لەڕۆژی لەدایك بوونیدا دەمی شیرین دەکرێت بە (خورما) کە دەدرێت لە مەلاشوی.

هەروەها سەبارەت بە بانگدان بەگوێی منداڵدا زۆربەی شەرعناسان بانگدان بەگوێی منداڵی تازە لەدایکبوودا بەسوننەت دەزانن، ئەمەش کاتێکە کە تازە منداڵەکە لەدایك بووبێت نەك لە ڕۆژی حەوتەم و دواتردا، وە زانایانی موتەئخیرین قامەتیان بۆ زیاد کردووە، بانگ بەگوێی ڕاست و قامەتیش بەگوێی چەپیدا، بە پشت بەستن بەچەند فەرموودەیەك کە فەرموودەی بانگەکە لەنێوان (حسن)حەسەن و لاواز(ضعیف) دایە وە دەشکرێت پشتی پێ ببەسترێت، بەڵام فەرموودەی قامەتەکە هەمووی لاوازو و(موضوع)ن و پشتی پێ نابەسترێت، هەرچەندە عومەری کوڕی عبدالعزیز(رحمه الله) بانگی داوە بەگوێی ڕاستی منداڵدا و قامەتیشی کردووە بەگوێی چەپیدا، بەڵام شێخ ئەلبانی(رحمه الله) تەخریجی فەرموودەکانی کردووە کە (حەسەن و لاوازن) وەك لای خوارەوە ناوی کتێبەکان و ژمارەی فەرموودەکانمان هێناوە[١٥٠]، وە پێویستە مامۆستایانی ئاینی ئەم بابەتە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە تا خەڵکی

١٥٠- ضعيف تراجعات للألباني: ص١١. وە فەرموودەکان لێرەدا هاتوون: و مسند أحمد: (٢٩٨\٣٩)، أخرجه أبو داود: (٥١٠٧)، و الترمذي: (١٥١٤)، و عبد الرزاق في مصنفه: (٧٩٨٥)، و أبو يعلى في مسنده: (٦٧٨٠)، وابن عدي في الكامل: (١٩٨\٧)، ومن المعاصرين سلسلة الأحاديث الضعيفة و الموضوعة للألباني: (٣٢١).

بزانن حەوتم سوننەتێکی گەورەیە تا لەیادی نەکەن و زیندووی بکەنەوە، وە ڕاستیەکان بزانن دەربارەی بانگ و قامەت بەگوێی منداڵدا، والله تعالی أعلم.

*******

الحمد لله لێرەدا کۆتایی هات

## دوا وتە

لە کۆتایی ئەم پەرتووکە دا سوپاس و ستایشی خوای باڵادەست و بێ هاوتا دەکەم کە منەتی کرد بەسەرمدا بە تەواوکردنی ئەم کتێبە، داوا دەکەم لە خوای باڵادەست لێمانی وەرگرتبێت بە عیبادەت و بیکاتە توێشووی قیامەتی ئێمە و ئەو کەسانەشی دەیخوێننەوە.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا گەیشتم بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: بانگدان و قامەتکردن پەرستشێکی (عیبادەتێکی) خوای گەورەن بە بانگکردن و ئاگادار کردنەوەی خەڵکی بۆ نوێژ بە هاتنی کاتی نوێژ بە ویردێکی دیاریکراو.

دووەم: زانایان ڕاجیاییان هەیە لەسەر حوکمی بانگ و قامەت، وە ئەوەی لای زۆربەی زانایان تەرجیح دراوە ئەوەیە کە (فەرزی کیفائین)، وە هەندێکیشیان وتوویانە کە (سوننەی موئەککەدەن)، وە هەندێکی تریان وتوویانە کە (واجبە).

سێیەم: بانگدان بە سێ شێواز پێمان گەیشتووە: شێوازی یەکەم (١٥ ڕستەیە)، وە شێوازی دووەم (١٩ ڕستەیە)، وە شێوازی سێیەم (١٧ ڕستەیە)، وە ڕاجیاییەکەشیان لەسەر گەڕانەوەیە بۆسەر هەردوو (شەهادەتەین)، وە ڕای یەکەم ڕاجحترینیانە، واللە أعلم.

چوارەم: قامەت بە سێ شێواز پێمان گەیشتووە: شێوازی یەکەم (١١ ڕستەیە)، وە شێوازی دووەم (١٧ ڕستەیە)، وە شێوازی سێیەم (١٠ ڕستەیە)، وە ڕای یەکەم ڕاجحترینیانە، واللە أعلم.

پێنجەم: ڕای جمهووری زانایان لەسەر ڕستەی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ) و(أَشْهَدُ أَنَّ عَلِيًا ولِيُّ الله) ئەوەیە: هەر چوار مەزهەبەکە یەك ڕان لەسەر ئەوەی کە زیادەی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ) و (أَشْهَدُ أَنَّ عَلِيًا ولِيُّ الله)لەبانگدا نین و دروست نین، وە ئەم زیادانەش لای شیعەکان ئەنجام دەدرێت وە بەڵگەیەکی دروستیشیان بە دەستەوە نییە بۆ سەلماندنی.

شەشەم: زانایان ڕاجیاییان هەیە لەسەر وتنی ڕستەی (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) لە بانگی بەیانیدا، هەندێك دەڵێن لە بانگی یەکەمدا دەوترێت، وە هەندێکی تر دەڵێن بانگی یەکەم پێی دەوترێت بانگی پێش بەرەبەیان، وە بانگی یەکەم کە پێی دەڵێن بانگی دووەم لەو بانگەدا دەوترێت، وە ڕای ڕاجح ئەو وتەی شێخ ئیبن باز و شێخ عوثەیمینە(رحمها الله) کە وتوویانە (الصَّلاةُ خَيرٌ مِنَ النَّوم) لەبانگی ئەخیردا کەپێی دەڵێن بانگی دووەم لەو بانگەدا دەوترێت هەروەکوچۆن دەردەکەوێت لە لەفزی فەرموودەکاندا، هەروەها هاوڕایە لەگەڵ ڕای جمهوری زانایانی پێشین و پاشیندا، بەلأم ئەگەر لەبانگی یەکەمیشدا وترا کێشە نابێت وەکو شێخ ئیبن باز وتویەتی، وَاللّٰهُ تَعَالَى أَعْلَمُ.

حەوتەم: بانگ و قامەت یەکێکن لە گەورەترین عیبادەتە قەولییەکان، وە دەبێت کەسانێك ئەنجامی بدەن کە ئەهلیەتی ئەوکارەیان تێدا بێت، واتە دەبێت بانگبێژ بانگی ڕەوان بێت و دەنگی خۆش بێت و ئەمینیش بێت.

سەبارەت بە بانگدان و قامەتکردن بەتۆماری دەنگی(التسجل **الصوتی**) زانایانی سەردەم چەند ڕایەکیان هەیە: زۆربەی زانایان دەڵێن: نابێت (تۆماری دەنگی) بەکاربهێنرێت لەمزگەوتەکاندا بۆ بانگدان و قامەتکردن، چونکە بانگدان و قامەتکردن پێویستە نیەتی لەگەڵدابێت ئەوەش بە تۆماری دەنگی نایەتەجیٚ، وە ئەو پاداشتەی لەبانگدا هەیە بۆ بانگبێژان لەدەست دەچێت، وە لە زانایانی سەردەمیش شێخ عثیمین(رحمه الله) **هەروەها** لەزانایانی کوردستانی عێراقیش شێخ نوری فارس(حفظه الله) هاوڕان لەگەڵ ئەم وتەیەدا، بەڵام هەندێکی تریان دەڵێن: کێشەی تێدا نیە بەکارهێنانی تۆماری دەنگی لەهەندێك کاتی پێویستدا، وە لەکاتی دەست نەکەوتنی بانگبێژی بانگ ڕەوان و دەنگ خۆش و ئەمین دەست نەکەوێت، ئەمەش ڕای کەمینەیەو وەرناگیرێت، چونکە پێچەوانەی ئیجماعی زانایانە، والله تعالی أعلم.

هەشتەم: پێویستە مەرجەکانی بانگدان لەبانگبێژدا هەبێت ئەوکات بانگ بدات ئەویش دەبێت: (موسوڵمان بێت، نێرینە بێت، ژیر(عاقل) بێت، دەنگی خۆش و بەرزبێت، بانگەکەی ڕەوان بێت نابێت هەڵە

بکات لەڕستەکانی بانگدا کە واتای بانگەکە بگۆڕێت، بە پێوە بانگ بدات).

- پێشنیار دەکەم بۆ ئەوکەسانەی بانگبێژی دەکەن و دەنگیان خۆشە، هەوڵ بدەن بۆ ڕاستکردنەوەی ڕستەکانی بانگەکانیان وە خۆشکردنی دەنگیان بەمەرجێك زیادەڕەوی نەکەن لە درێژکردنەوەی بانگەکەدا، چونکە بانگدان و قامەتکردن پاداشتێکی ئێجگار گەورەیان لەسەرە، وە داوا دەکەم لە وەزارەتی ئەوقاف و زانایانی ئاینی لە مزگەوت و فێرگەکاندا هەوڵ بدەن بۆ ڕاستکردنەوەی بانگی بانگبێژان، وە خول و پێشبڕکێیان بۆ بکەنەوە بۆ هاندانی زیاتری ئەو کەسانەی شایستەی بانگدانن، وە هەوڵ بدەن بۆ لابردنی ئەو تۆمارە دەنگییانەی لە مزگەوتەکاندا بەکاردەهێنرێن بۆ بانگدان، وە ئەوکەسانەی دەیانەوێت بانگبێژی بکەن خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ خوای پەروەردگار و بە نییەتێکی پاکەوە بانگ بدەن.

لەکۆتایدا داواکارم لە خوای پەروەردگار ئەم نووسینەمان لێ وەربگرێت و بیکاتە توێشووی قیامەت بۆمان وە خوای گەورە لەو کەسانەش خۆش بێت کە ئەم نووسینە دەخوێننەوە و کاری پێ دەکەن، وە داواکارم لە خوێنەرانی خۆشەویست لە دوعاکانیان بێبەشمان نەکەن.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ العَالَمِيْن، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وِعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِيْنَ.

سُبْحَانَ رِبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِيْنَ وَالْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِيْنَ.

ئازاد فائق پێنجوێنی

سلێمانی- ئازادی

شەوی هەینی

١١/جەمادی یەکەم/١٤٤٠ی کۆچی
٢٠١٩/١/١٧زاینی

# سەرچاوەكان


١. **مصحف المدينة**.

٢. **مسند أحمد بن حنبل:** أحمد بن حنبل(سنة الوفاة: ٢٤١)، دار إحياء التراث العربي، بيروت، الطبعة: الأولى.

٣. **صحيح البخاري:** محمد بن إسماعيل البخاري (سنة الوفاة: ٢٥٦)، المحقق: د. مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير - اليمامة- بيروت، الطبعة: الثالثة، ١٤٠٧ — ١٩٨٧.

٤. **صحيح مسلم:** مسلم بن الحجاج: (سنة الوفاة ٢٦١)، المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي- بيروت، الطبعة: الأولى.

٥. **سنن أبي داود:** أبو داود السجستاني (سنة الوفاة: ٢٧٥)، المحقق: محمد محيي الدين عبد الحميد، سوريا- دار الفكر، رقم الطبعة: الأولى، بدون سنة الطبعة.

٦. **سنن الترمذي:** محمد بن عيسى الترمذي (سنة الوفاة: ٢٥٦)، المحقق: أحمد محمد شاكر وآخرون، دار إحياء التراث العربي- بيروت، الطبعة: الأولى.

٧. **سنن النسائي الصغرى:** النسائي (سنة الوفاة: ٣٠٣)، المحقق: عبدالفتاح أبو غدة، مكتب المطبوعات الإسلامية — حلب، الطبعة: الثانية، ١٤٠٦ —١٩٨٦.

٨. **سنن الدارمي:** عبد الله بن عبد الرحمن الدارمي (سنة الوفاة: ٢٥٥)، المحقق: فواز أحمد زمرلي ، خالد السبع العلمي، دار الكتاب العربي- بيروت، الطبعة: الأولى.

٩. **السنن الكبرى للبيهقي:** البيهقي (سنة الوفاة: ٤٥٨)، المحقق: محمد عبد القادر عطا، مكتبة دار الباز- مكة المكرمة، الطبعة: الأولى، ١٤١٤ — ١٩٩٤.

١٠. **الأدب لابن أبي شيبة:** أبو بكر بن أبي شيبة، عبد الله بن محمد بن إبراهيم بن عثمان بن خواستي العبسي (المتوفى: ٢٣٥هـ)، المحقق: د. محمد رضا القهوجي، الناشر: دار البشائر الإسلامية — لبنان، الطبعة: الأولى، ١٤٢٠هـ - ١٩٩٩م.

١١. **فتح الباري شرح صحيح البخاري:** أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان، الطبعة: الثانية، ١٤١٨هـ- ١٩٩٧م.

١٢. **إتحاف المهرة:** ابن حجر العسقلاني(سنة الوفاة: ٨٥٢)، المحقق: عبد الله مراد علي، مجمع الملك فهد - ومركز خدمة السنة والسيرة النبوية، المدينة المنورة، الطبعة: الأولى-١٩٩٦م.

١٣. **الموطأ بروايتين:** للإمام مالك، موقع شبكة مشكاة الإسلامية.

١٤. **الأم:** المؤلف: الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبدمنافالمطلبيالقرشي المكي (المتوفى:٢٠٤هـ)، الناشر:دارالمعرفة-بيروت، الطبعة:بدونطبعة، سنةالنشر:١٤١٠هـ/١٩٩٠م، عددالأجزاء: ٨، ج١، ص١٠٦.

١٥. **نيل الأوطار:** أحمد بن علي بن محمد الشوكاني، المحقق: عادل عبدالموجود وآخرون، دار الكتاب العربي- بيروت- لبنان، الطبعة: الأولى، ١٤٢٠هـ- ٢٠٠٠م.

١٦. **البيان في مذهب الإمام الشافعي:** أبو الحسين يحيى بن أبي الخير بن سالم العمراني اليمني الشافعي (المتوفى: ٥٥٨هـ)، المحقق: قاسم محمد النوري، دار المنهاج – جدة، الطبعة: الأولى، ١٤٢١هـ- ٢٠٠٠م.

١٧. **الأوسط في السنن والإجماع والإختلاف:** أبو بكر محمد بن إبراهيم بن المنذر النيسابوري (المتوفى: ٣١٩هـ)، المحقق: أبو حماد صغير أحمد بن محمد حنيف، دار الطيبة- الرياض- السعودية، الطبعة: الأولى، ١٤٠٥هـ- ١٩٨٥م.

١٨. **المجموع شرح المهذب ((مع تكملة السبكي والمطيعي)):** أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (المتوفى: ٦٧٦هـ)، دار الفكر، (طبعة كاملة معها تكملة السبكي والمطيعي.

١٩. **زاد المعاد في هدي خير العباد:** ابن قيم الجوزية، المحقق: شعيب الأرنؤوط و عبد القادر الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة- بيروت- لبنان، الطبعة: الثالثة ١٤١٩هـ- ١٩٩٨م.

٢٠. **مجموع الفتاوى:** تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني (المتوفى: ٧٢٨هـ)، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية، المملكة العربية السعودية ١٤١٦هـ/١٩٩٥م.

٢١. **القواعد النورانية الفقهية:** تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن عبد الله بن أبي القاسم بن محمد ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (المتوفى: ٧٢٨هـ)، حققه وخرج أحاديثه: د أحمد بن محمد الخليل، دار ابن الجوزي، المملكة العربية السعودية، الطبعة: الأولى، ١٤٢٢هـ.

٢٢. **فقه العبادات على المذهب المالكي:** الحاجّة كوكب عبيد، مطبعة الإنشاء، دمشق –سوريا، الطبعة: الأولى ١٤٠٦هـ - ١٩٨٦م

٢٣. **فقه العبادات على المذهب الحنفي:** الحاجة نجاح الحلبي.

٢٤. **فقه العبادات على المذهب الشافعي:** الحاجة درية العيطة.

٢٥. **موضح أوهام الجمع والتفريق للخطيب:** الخطيب البغدادي (سنة الوفاة: ٤٦٣) ، المحقق: د. عبد المعطي أمين قلعجي، دار المعرفة– بيروت، الطبعة: الأولى.

٢٦. **أسنى المطالب في شرح روض الطالب:** زكريا بن محمد بن زكريا الأنصاري، زين الدين أبو يحيى السنيكي (المتوفى: ٩٢٦هـ)، دار الكتاب الإسلامي، الطبعة: بدون طبعة وبدون تاريخ.

٢٧. **مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج:** شمس الدين، محمد بن أحمد الخطيب الشربيني الشافعي (المتوفى: ٩٧٧هـ)، دار الكتب العلمية، الطبعة: الأولى، ١٤١٥هـ - ١٩٩٤م.

٢٨. **اللباب في شرح الكتاب:** عبد الغني بن طالب بن حمادة بن إبراهيم الغنيمي الدمشقي الميداني الحنفي (المتوفى: ١٢٩٨هـ)، المحقق: محمد محيي الدين عبد الحميد، المكتبة العلمية، بيروت – لبنان.

٢٩. **القاموس المحيط:** مجد الدين أبو طاهر محمد بن يعقوب الفيروزآبادى (المتوفى: ٨١٧هـ)، المحقيق: محمد نعيم العرقسُوسي، بيروت– لبنان، الطبعة: الثامنة، ١٤٢٦هـ – ٢٠٠٥م.

٣٠. **الموسوعة الفقهية:** مجموعة من الباحثين بإشراف الشيخ علوي بن عبد القادر السقاف، موقع الدرر السنية، تم تحميله في/ ربيع الأول ١٤٣٣هـ.

٣١. **كشاف القناع عن متن الإقناع:** منصور بن يونس بن صلاح الدين ابن حسن بن إدريس البهوتى الحنبلى (المتوفى: ١٠٥١هـ)، دار الكتب العلمية.

٣٢. **نور الإيضاح ونجاة الأرواح في الفقه الحنفي:** المؤلف: حسن بن عمار بن علي الشرنبلالي المصري الحنفي (المتوفى: ١٠٦٩هـ)، المحقق: محمد أنيس مهرات، الناشر: المكتبة العصرية، الطبعة: ١٢٤٦ هـ- ٢٠٠٥ م، عدد الأجزاء: ١.

٣٣. **الكافي في فقه الإمام أحمد:** المؤلف: أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة الجماعيلي المقدسي ثم الدمشقي الحنبلي، الشهير بابن قدامة المقدسي (المتوفى: ٦٢٠هـ)، الناشر: دار الكتب العلمية، الطبعة: الأولى، ١٤١٤ هـ - ١٩٩٤ م، عددالأجزاء:٤.

٣٤. **المحلى بالآثار:** لاب حزم الأندلسي، دار الفكر.

٣٥. **بداية المجتهد ونهاية المقتصد:** المؤلف: أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن أحمد بن رشد القرطبي (الشهير بابن رشد الحفيد)، (المتوفى: ٥٩٥هـ)، الناشر: دار الحديث – القاهرة، الطبعة: بدون طبعة، تاريخ النشر: ١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ مج١، ص١١٤.

٣٦. **فتاوى الفقهية الكبرى:** المؤلف: أحمد بن محمد بن علي بن حجر الهيتمي السعدي الأنصاري، شهاب الدين شيخ الإسلام، أبو العباس (المتوفى: ٩٧٤هـ)،

جمعها: تلميذ ابن حجر الهيتمي، الشيخ عبد القادر بن أحمد بن علي الفاكهي المكي (التوفى ٩٨٢ هـ)، الناشر: المكتبة الإسلامية، عدد الأجزاء: ٤.

٣٧. **منهاج المسلم كتاب عقائد وآداب وأخلاق وعبادات ومعاملات:** أبو بكر جابر الجزائري، المكتبة العلوم والحكم- المدينة المنورة- دار الغد الجديد، الطبعة: الأولى، ٢٠٠٢.

٣٨. **بلغة السالك لأقرب المسالك المعروف بحاشية الصاوي على الشرح الصغير (الشرح الصغير هو شرح الشيخ الدردير لكتابه المسمى أقرب المسالك لمذهب الإمام المالك):** أبو العباس أحمد بن محمد الخلوتي، الشهير بالصاوي المالكي (المتوفى: ١٢٤١هـ) ، دار المعارف، الطبعة: بدون طبعة وبدون تاريخ.

٣٩. **تمام المنة في فقه الكتاب وصحيح السنة:** أبو عبد الرحمن عادل بن يوسف العزاوي، دار سبل السلام الفيوم- دار بن حزم القاهرة، الطبعة: الأولى، ١٤٣٢هـ-٢٠١١م.

٤٠. **تمام المنة في التعليق على فقه السنة:** أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الأشقودري الألباني (المتوفى: ١٤٢٠هـ) ، دار الراية، الخامسة.

٤١. **مقاييس اللغة:** أبو المحسن أحمد بن فارس بن زكريا.

٤٢. **صحيح فقه السنة وأدلته وتوضيح مذاهب الأئمة:** أبو مالك بن السيد سالم، المكتبة التوفيقية.

٤٣. **الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز:** عبد العظيم البدوي، الطبعة: الأولى ١٤٢١هـ.

٤٤. **فقه السنة:** السيد سابق (المتوفى: ١٤٢٠هـ)، دار الكتاب العربي، بيروت – لبنان، الطبعة: الثالثة، ١٣٩٧هـ - ١٩٧٧م، ج١، ص١١٢.

٤٥. **موسوعة الفقه الإسلامي:** محمد بن إبراهيم بن عبد الله التويجري، بيت الأفكار الدولية، الطبعة: الأولى، ١٤٣٠هـ - ٢٠٠٩م.

٤٦. **الشرح الممتع على زاد المستقنع:** محمد بن صالح بن محمد العثيمين (المتوفى: ١٤٢١هـ)، دار ابن الجوزي، الطبعة: الأولى، ١٤٢٢ - ١٤٢٨ هـ.

٤٧. **آل رسول الله وأولياؤه:** محمد بن عبد الرحمن بن محمد بن عبد الله بن عبد الرحمن بن محمد بن قاسم العاصمي الحنبلي المتوفى: (١٤٢١هـ)،

٤٨. **أحكام الأذان والإقامة:** محمد ناصر الدن الألباني، الطبعة: الأولى، ١٤٢٣هـ- ٢٠٠٢م.

٤٩. **الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي:** مصطفى الخن وآخرون، دار القلم- دمشق، الطبعة: الرابعة العشر، ١٤٣٤هـ- ٢٠١٣م.

٥٠. **موسوعة الفقه الإسلامي والقضايا المعاصرة:** وهبة الزحيلي، دار الفكر- دمشق- برامكة، الطبعة: الثالثة، ١٤٣٣هـ- ٢٠١٢م.

٥١. **الكتاب: المفيد في تقريب أحكام الأذان:** المؤلف: د. محمد بن عبد الرحمن بن ملهي بن محمد العريفي، تقديم: عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين، الناشر: وزارة الشئون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد - المملكة العربية السعودية، ١٤٢١، عدد الأجزاء: ١ ج١، ص٩٠.

٥٢. **تمام المنة في فقه الكتاب وصحيح السنة، كتاب العبادات:** المؤلف: أبو عبد الرحمن عادل بن يوسف العزازي، دار العقيدة، ج١، ص٤٢.

٥٣. **القول المبين في أخطاء المصليين:** المؤلف: أبو عبيدة مشهور بن حسن بن محمود آل سلمان، ص١٨٦.

٥٤. **ملخص فقه العبادات:** المؤلف: مؤسسة الدرر السنية، مؤسسة الدرر السنية للنشر: المملكة السعودية العربية–الظهران، الطبعة: الثالثة، ١٤٣٩هـ– ٢٠١٨م، مجلد واحد.

٥٥. **سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها:** للألباني، مكتبة المعارف.

٥٦. **سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيء في الأمة:** للألباني، دار المعارف، ط١، ١٩٩٢.

٥٧. **تفسير القرآن العظيم (ابن كثير):** المؤلف: أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (المتوفى: ٧٧٤هـ)، المحقق: محمد حسين شمس الدين، الناشر: دار الكتب العلمية، منشورات محمد علي بيضون – بيروت
الطبعة: الأولى – ١٤١٩ هـ..

٥٨. **أحكام الأذان والنداء والإقامة:** للسامي فراج الحازمي، دار ابن الجوزي، ط١، ١٤٢٠هـ.

٥٩. **إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل:** للألباني، المكتب الإسلامي، ط٢، ١٩٨٥.

٦٠. **الثمر المستطاب في فقه السنة والكتاب:** للألباني، غراس للنشر والتوزيع، ط١.

٦١. **فتاوى نور على الدرب:** المؤلف: عبد العزيز بن عبد الله بن باز(المتوفى: ١٤٢٠هـ)، جمعها: الدكتور محمد بن سعد الشويعر، قدم لها: عبد العزيز بن عبد الله بن محمد آل الشيخ، عدد الأجزاء: ١٤.

**٦٢. چەند فەرموودەیەك لەپەرتوكەكەدا تەخریجكراوە بەڵام سەرچاوەكانیان نەنوسراوە، سەرچاوەكەشیان بەرنامەی (جوامع الكلم)ە كە چەند زانایەك بەیەكەوە لە زۆربەی وڵاتەكاندا دەستیان كردووە بەنووسین و ڕێك كردنی ئەو بەرنامەیە لەماوەی(٣٠) سی ساڵدا ئەو بەرنامەیەیان داناوە، ئەمەش خزمەتێكی گەورەیە بە ئوممەتی ئیسلامی، خوای پەروەردگار پاداشتی بەخێریان بداتەوە.**

# ناوەڕۆك

**بابەت** **لایەرە**

پێشەکی مامۆستا مەڕوان عەزیز کوردی.............................................١
پێشەکی مامۆستا نورالدین ملا عبدالله وەڕازی ........................................٤
پێشەکیی نووسەر............................................................... ٦
مۆڵەتی بانگ و قامەتی نووسەر.......................................................١٠
بەشی یەکەم: پێناسەی بانگ و حوکمەکانی............................................١٥
بابەتی یەکەم: پێناسەی بانگ لە زمانەوانی و لە شەرعدا.............................١٦
بابەتی دووەم: ڕێگە پێدانی بانگدان لە ئیسلامدا وە فەزڵ و گەورەییەکەی.........١٧
بابەتی سێیەم: حوکمی بانگ بۆ (جەماعەت و بۆتاك).............................. ٢٢
بابەتی چوارەم: حوکمی بانگدان و قامەتکردن بە تۆماری دەنگی ............... ٢٦
بابەتی پێنجەم: مەرجەکانی بانگدان.......................................................٢٨
بابەتی شەشەم: قسەکردن لە کاتی بانگداندا.......................................... ٣١
بەشی دووەم: چۆنییەتی بانگدان و سوننەتەکانی.................................... ٣٣
بابەتی یەکەم: چۆنییەتیی بانگدان و شێوازی وتنەکەی.................................٣٤
بابەتی دووەم: سوننەتەکانی بانگ.........................................................٣٦
بابەتی سێیەم: واتای وشەکانی بانگ...................................................... ٤٢
بابەتی چوارەم: وتنی (الْصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ الْنَّوْمِ) لە بانگدا................................٤٤

بابەتی پێنجەم: ڕاجیایی لەسەر وتنی (حَيَّ عَلَى خَيْرِ الْعَمَلِ) لەبانگدا.............. ٥١
بابەتی شەشەم: ئەوشتانەی موستەحەبن لە دوای بانگدان............................٥٢
بابەتی حەوتەم: صەلاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لە دوای بانگدان............ ٥٥
بەشی سێیەم: چۆنییەتی قامەتکردن و حوکمەکانی.................................... ٥٧
بابەتی یەکەم: پێناسەی قامەت لە زمانەوانیدا وە لە شەرعدا........................٥٨
بابەتی دووەم: حوكمی قامەتكردن .................................................. ٥٩
بابەتی سێیەم: چۆنییەتی قامەتکردن و شێوازی وتنەکەی............................٦٢
بابەتی چوارەم: سوننەتەکانی قامەتکردن...........................................٦٤
بەشی چوارەم: ناوی بانگبێژەکانی پێغەمبەر ﷺ تایبەتمەندی بانگبێژان و هەندێك لە هەڵەی بانگبێژان.................................................................. ٦٥
بابەتی یەکەم: تایبەتمەندیی بانگبێژان .............................................. ٦٦
بابەتی دووەم: ناوو ژیانی بانگبێژەکانی پێغەمبەرﷺ ............................ ٦٨
بابەتی سێیەم: هەندێك لە هەڵەی بانگبێژان.......................................... ٧٥
بەشی پێنجەم: حوکمی بانگ و قامەت بۆ هەردوو جەژنەکە وە جەمعی نێوان دوو نوێژ و پارەوەرگرتن لەسەر بانگدان................................................ ٨١
بابەتی یەکەم: حوکمی بانگ و قامەت بۆ هەردوو جەژنەکە.......................٨٢
بابەتی دووەم: بانگ و قامەت بۆ جەمع کردن (کۆکردنەوەی) دوو نوێژ.........٨٣
بابەتی سێیەم: پارەوەرگرتن لەسەر بانگدان .......................................٨٦
بابەتی چوارەم: چوونەدەرەوە لەمزگەوت لە دوای بانگ..........................٨٨
بابەتی پێنجەم: بانگی یەکەم بۆ نوێژی هەینی (جومعە)......................... ٩١

بابەتی شەشەم: بانگدان و قامەت كردن بەگوێی منداڵدا ........................ ٩٣
دوا وتە................................................................................ ٩٦
سەرچاوەكان......................................................................... ١٠١
ناوەڕۆك.............................................................................. ١١٠